# گەشتی ژیان

بەرگی یەکەم

ئەندازیار عوسمان

١٤٣٥ - ٢٠١٥

## بسم اللّٰه الرحمان الرحيم

* ناوی پەڕاو :گەشتی ژیان

* بەشی یەکەم

* نووسەر : عوسمان محمد رەشید

* تیراژ : ٢٠٠٠ دانه



**بۆ گوڵی لاولاو**

**بەکوڵ گریان لەچاوم دێ ، گـوڵی لاولاوی رەنگـاورەنگ**
**لەبەرچی سیس ئەبی وازوو ؟چـیە ئـەسبابی ژاکـانـت؟**
**هەمووی تـاوێکە رۆژ هەڵهاتووە ، بۆچی وەها بـێدەنـگ**
**ئەژاکێی ؟توخوا ،ئەی گوڵ ،صەبر ..دەستم بـەدامانت!**
**صـەبر تـۆ بی خـوا ! تـاوێـکی تر راوەستە تـاعـومـرم**
**وەکـو رۆژی چـلەی زسـتـان لـەهەوری مەینەت ئـاوابـێ**
**منیش هاورێی سەفەرتم، ئەی گوڵی لاولاو منیش ئەمرم**
**منیش خیلقەت ، وەکو تۆ ، وانەبێ زۆرم لـەگەڵ چـابێ**
**منیش وەك تۆ ،بەقام کورتەو بەهارم تیژو کەم فرسەت**
**گەشەم مەیلەو زەوالەو چەشنی تۆ ، چەشنی هەموو دنیا**
**وەکـو بـارانی هاوین زوو فـەنایە عـومـری بێ مـروەت**
**تەبەخور مایەیە،هەیهات ،بـەچەشنی شەونمی سەرگیا**

**دیوانی گۆران لا ٢٢٣**

# گەشتی ژیان

**گەشتی ژیان بەکورتی**

**ئەمە دەوڵەمەندترین کەسی کوەیتە کە ناوی ناصر الخرافیە و بڕی سامانەکەی ١٢ ملیار دۆلاربووخاوەنی ٣٣ کەشتی نەوت گوێزەرەوەبوو لە جیهاندا .**

**چەندەها ئوتێلی گەورەی هەبوو نیوەی کۆمپانیای زەین هی ئەوبوو خاوەنی بیست بورج بوو لە کوەیت و مالیزیاو ئیتاڵیاو لەندەن .**

**ئەوەش کۆشکە تازەکەیەتی کە جیاوازینیە لەگەڵ ماڵی هەژارترین کەسدا .ئەوەی بۆی مابێتەوە خێروچاکەکانێتی .ناوبراو ساڵی ٢٠١٠ لە قاهیرە کۆچی دوایی کرد.**



# گەشتی ژیان

**پێشەکی** .

سوپاس وستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهان و درووود و سەلامیش لەسەر پێشەواو مامۆستا ورابەرمان (محمد)ﷺ ،رەحمەت وبەرەکەتیش داباریێ بۆ سەر گیانی یارو یاوەران و شوێنکەوتوان.

**گەشتی ژیان:**

خوێندنەوە و وردبوونەوە لە ژیاننامەی کەسایەتیەکانی دونیا لە کۆن و نوێدا سوودی زۆری هەیەو،بەهۆیەوە زۆر لە راستیەکانی ژیانت بۆ دەردەکەوێت.

ئێمە هەموو دەزانین ئەجەل لەلای خوایە،بەڵام کاتێك کەسێك چەند جار رووبەرووی مەرگ دەبێتەوە و نامرێت ئەو کاتە زیاتر لە دڵدا ئەچەسپێت.

ئێمە دەزانین رزق لەلای خوایە بەڵام کاتێك دەبینین لە ژیاننامەی کەسێکدا کە چۆن خوا رزقی داوە زیاتر بەرچاو رۆشن و دڵنیا دەبین .

ئێمە دەزانین کە ماڵی حەرام بێ بەرەکەتە وسەرەنجام بۆ چاکەکارانە ، بەلام کاتێك ئەوە لە ژیانی کەسێکدا دەیبینین زیاتر دڵدامەزراو دەبین.

لەم زنجیرەیەدا هەوڵ ئەدەم چەند هەڵوێستێك وپوختەیەك لە ژیانی چەند کەسایەتییەك بخەمە بەردەستی خوێنەران تا ئەو سوودەی من بینیومە پشت بەخوا ئەوانیش بیبینن.

**گوڵە گەنمی پڕ :**

یەکێ لەو کەسایەتیانەی پێی سەرسامم کاك حاجی شەماڵە کەوەك گوڵەگەنمە پڕەکە دەبینی لە ئەدەب و پڕی خۆیەوە کە بابەتێك پێشکەش دەکات هێدی هێدی دڵەکانمان ئاودەدات ، بۆنموونە لە وتارێکی دا یەکێ لەو سوودانەی لێم وەرگرت حەزم کرد ئێوە ش بیزانن :

مامۆستا وتی : هەنگ ٨٠ ٪ ی پیتینی گوڵی بەروبوومەکان دەکات وکە ئەگەر ئەو کارەی نەکردایە بۆ میوەهات ئەبوایە بچووینایە بەئاسمانا !! ئنجا باسی هاوسەنگی کرد لەم بوونەوەرەدا ، کە رەنگدانەوەی کارسازی ودانایی خوای باڵادەستە .

**گرنگی نووسین :**

زۆر بانگخوازمان هەیە کاری باشیان کردووە بەڵام لەبواری نووسیندا چالاکیان کەمە ، کەئەمەش بەڕاستی هەڵوێستەیەکی دەوێت ، چونکە نووسین کاریگەری زۆری هەیەو ئەگاتە دەست کەسانی وا کەهەرگیز بیرت بۆی ناچێت بۆنموونە:

١- مامۆستایەك وتی : کتێبەکانی تۆم داوە بەمامۆستایەك لە بناری قەندیل ، زۆر سوودی لێوەرگرتووەو بەردەوام دوعای خێرت بۆ دەکات ..

من لە ئەزموونی کەمی خۆمەوە دەڵێم نووسین و بلاْوکراوە زۆرگرنگن ،ناميلکەی بەخۆداچوونەوەيەك لە خۆشەويستی پێغەمبەردا(د.خ) تا ئەم کات وساتە پەنجا هەزار نووسخەی لیٚ بلاْوبۆتەوەو ، ناميلکەو کتێبەکانی تريشم هەريەکەيان بەدەيان هەزاريان لیٚ چاپ بووەو سوپاس بۆ خوا کاريگەری زۆريان بووە ، خوا شايەتە من سوودی ماددیم مەبەست نەبووەو خواش ئاگای لەنيەتەو لەوە دەچێت بەبەرەکەتی نيەت کاريگەريان بەردەوام بێت ..

٢- برايەك بەناوی عبدالقادر جميل کەخەڵکی سەروچاوەيە خۆی پێناساندم و وتی : لەپەڕاوی بەهاری دلاْن سوودمەندبووەو ڕێی ڕاستی گرتووە ،وا ئێستاش قوتابی ماستەرە .

٣-مامۆستا مەلا خاليد خۆی پێناساندم و زۆر پێخۆش بوونی دەربڕی کەمنی بينيوەو فەرمووی زۆر سوودمەندبووە لە کتێبەکانم وناوبراو لە دەشتی هەولێر لە دێهاتەکان خەريکی بانگەوازە و دەعوەتی کردم سەردانی بکەم..

هەزاران جار سوپاس بۆخوا بەس نيە ئێمە وەك هەندیٚ لە عيلمانيەکان کتێبەکانمان ناسووتێنين لەداخی نەخوێندنەوەی خەڵکی ، ديارە خۆ ئەوە فەزڵی خوايەو ئازايەتی ئێمە نيە ، ئێمەی لاوازو کەم دەست بە باسکردنی دينی خوا جوان بووين ، ئێمە وا ئەزانين دينی خوا

ئەپارێزین و خزمەتی ئەکەین ، کە راستیەکەی ئەوەیە دینی خوایە ئێمەی پاراستووەو هەرئەوە خزمەتی گەورەی پێکردووین .

من رۆژ بەرۆژ زیاترقەناعەت بە گەورەیی ورۆڵی گرنگی نووسین دەکەم ، باشە ئەو نووسینانە نەبوایە من بەچی ئەم هەقەم بەو هەموو خۆشەویستە بگەیاندایە ؟؟

**پەیامداری راستەقینە :**



نامەی زوبەیر گوندوزالب بۆ یەکێك لە قوتابیانی پەیامەکانی نوور، کەباسی پەیامداری راستەقینەدەکات و باسی قوربانیدان دەکات بۆ ئیسلام . کەبەڕاستی دەرسی زۆریشی بۆ ئێمە تیایە.

# گەشتی ژیان

بسم الله الرحمن الرحیم

برای ئازیز و بەڕێزم!

دوای ئەوەی ڕازی بوونی خۆت بە هەر دەردیسەرییەك ڕاگەیاند کە بەهۆی ئیسلامەوە بێتە ڕێت و، بەم مژدەیەت شەوق و عەشقت بە ئێمە بەخشی، ئەوا بە باشی گوێ لەم برایەشت ڕابگرە:

ئەرکی سەرشانت کۆکردنەوەی گوڵەکانە لە نێو دڕکەکاندا. بەڵام پێت پەتییە و دڕکی پێدا دەچێت.. دەستت ڕووتە و دڕکەکان دەیگەزن.. دەبێ بەوە دڵخۆش بیت!

ئەو مووسا مناڵانە دەهێنیتەوە ڕیزی خۆت کە لە باوەشی فیرعەونەکاندا پەروەردە کراون. جا لەبەر ئەوەی تۆ قسەی خێریان بۆ دەکەیت، ئەوان دەتخەنە بەندیخانەوە.. نابێ لەوە دڵگران ببیت!

گەر ڕەهەندەی بیابانەکان کرایت، بە خوێنت درەختەکان ئاودێری دەکەیت.. گەر بۆ بەستەڵەکەکان دوور خرایتەوە، بە گەرمیی جەستەت سەوزایی دەڕوێنیت.. خەڵکانێك دێنە سەر ڕێت کە چاویان بە سەوزایی هەڵنایەت، دەیسووتێنن، تێکی دەدەن! دەبێ تۆ بە ئارامییەوە سەیریان بکەیت!

گەر فڕێیان دایتە کونجی زیندانە تاریکەکان، دەبێ تۆ ڕووناکیان بکەیتەوە.. هەر ویژدانێکی ژەنگاویت بینی، بە "ئومێد" لەو ژەنگە پاکی بکەرەوە.. گەر دڵی بێ ئیمان ڕووبەڕووت هات، تۆ "ئیمان"ی پێ ببەخشە.. لەسەر بەخشندەییەکەت تاوانبار دەکرێیت.. لەبەر هێنانی

هیوا و ئومێد سزا دەدرێیت، لەبەر وتنی قسەی خێر و چاك مەحكووم دەكرێیت.. دەبێ بەرامبەر هەموو ئەمانە تۆ شوكرانەبژێر بیت!

لە دایك و باوك و یار و خۆشەویستانت دوور دەكەویتەوە، بەڵام دەبێ بە دڵ و بە گیان باوەش بە "قورئان"دا بكەیت!

گەر دڵۆپێك بیت دەبێ ببیت بە دەریا و، گەر هەناسەیەكیش بیت دەبێ ببیت بە گەردەلوول!

بۆ ئەوەی دەردەكەت بنووسیت، دەبێ پێستت بكەیت بە كاغەز و خوێنیشت بە مەرەكەبی ئەو نووسینە!

ئەگەر نەهێڵن چاوت بە هیچ كەسێك بكەوێت، دەبێ ببیت بە "مەجنوون"ی چۆڵایی و بیابانەكان و، ئەركی سەرشانت دۆزینەوەی ئەو كەسانە دەبێت كە بە وێنەی گەڕان بۆ "لەیلا" بە شوێن نووردا دەگەڕێن.. خۆ ئەگەر نەتدۆزینەوە، نابێ نائومێد ببیت!

گەر پلەوپایە و سامانت بدەنێ، دەبێ خۆت لەبیر بكەیت!

ئەگەر ئاڵێنرایتە گێژاوی درۆ و بوختان و گێژەڵووكەی خۆڵاوی، دەبێ لە كاتی وادا واز لە هەستەكانت بهێنیت!

ئەگەر بە ئاسن و پۆڵا بەربەستت لە بەردەمدا بۆ دروست بكەن، دەبێ بە ددانەكانت كونی بكەیت.. گەر پێویست بكات چیاكان لەسەر ڕێت لابدەیت، دەبێ ئامادە بیت كە چیا و بەربەستەكان بە دەرزی هەڵبكۆڵیت!

لەبیرت نەچێ، لە هەر شوێنێكدا بوویت كاری تۆ وشك كردنی ڕەگ و ڕیشەی "كوفر" و "نەزانی"یە!

گەر ڕۆژێك بینیت دیواری قەڵای چواردەوری "قورئان" خەریكە بڕووخێت، دەبێ بۆ هێشتنەوە و پاراستنی ئەو قەڵایە ئێسكەكانت بكەیت بە بەرد و گۆشتت بە چیمەنتۆ و خوێنیشت بە ئاو!

چواردەوری خۆت بە قەڵای زانست و عیرفان و ڕەوشت بەرزی تۆكمە و توندوتۆڵ بكە.. "قەڵا"ش كەسانی گیانفیدا و خۆبەخشی دەوێت، هەرچۆنێك بووە دەبێ تۆ لەناو ئەو قەڵایەدا خۆت بكەیتە قوربانی!

كاتێ كە ئەم نامەیەم دەخوێنیتەوە، لەوانەیە بڵێیت: چ پێویستییەك هەبوو بەم درێژەپێدانە؟ خۆ هێندە بەس بوو كە بتوتایە:

(دەبێ ببیتە قوتابیی قورئان)!

هەق لای تۆیە! چونكە ئەو كەسەی كە "ئیسلام" بە ڕێگای خۆی هەڵدەبژێرێت، دەزانێت ئەم ڕێگایە لە موو باریكتر و لە نووكی شمشێریش تیژترە و، ڕێی هەموو كەسێك نییە، بەڵكو تەنها هی مرۆڤی مەرد و ئازایە!

لە ناخی گیانمەوە باوەشت پێدا دەكەم و چاوەكانت ماچ دەكەم و دوعای خێرت بۆ دەكەم. بە پشتیوانیی خوای گەورە بە یەك شاد دەبینەوە.

لە کۆتایی نامەکەمدا نیازمەند و داواکاری ئەوەم لە خوای گەورەی "واجب الوجود" کە بە وێنەی ئێوە، هەموو ئەو برا ئاییینییانەشمان کە ئێستا کەوتوونەتە ناو شیوی گومڕاییەوە، بۆ ڕێی ڕاست ڕێنمایی بکات.ئامین.

**موسڵمانی ساویلکە:**

ساویلکەیی و خۆش باوەڕیی لەڕادەبەدەری موسڵمانان ، چاوپۆشییانە لە چەندەها تاوانی گەورەی چەندین تاوانباری سامناك! ئەوەتا گەر یەکێکیان کردەوەیەکی چاك بە خراپکارێکەوە ببینێت کە هەزاران کرداری خراپی ئەنجام دابێت و دەستدرێژیی بۆ سەر مافە ماددی و مەعنەوییەکانی هەزاران کەس کردبێت، دەچێت –لەبەر ئەو تاکە چاکەیە– لایەنی ئەو ستەمکارە دەگرێت!

ئیتر بەم شێوەیە، گومڕایان و ستەمکاران، هەرچەندە ژمارەی خۆیان یەکجار کەمە، کەچی بەهۆی پشتگیریی کەسانی ساویلکەوە لێیان زۆرینەی خەڵکی بۆ خۆیان پێکدەهێنن!

لەبەر ئەمە، قەدەری خوای گەورە ئەو موسیبەتە گشتییە دەبارێنێت کە لەسەر بناغەی هەڵەی زۆرینە بنیات نراوە و داباریوە. تەنانەت ئەم کارەیان یارمەتیی درێژەپێدان و بەردەوامی و توندوتیژیی ئەو موسیبەتەش دەدات، تا وایان لیّ دێت کە خۆشیان بە دەمی خۆیان بڵێن:(ئێمە شایانی ئەم موسیبەتەین).(نوورسی بەرەحمەت بێت).

ئەم موسیبەتەشە ئەمڕۆ جارێکی تر هیوای موسڵمانانی زیندەبەچاڵ کرد لەسەردەستی موسڵمانی ساویلکەدا وەك حیزبی نووری بەناو سەلەفی کە پشتگیری سیسی و حکومەتە ستەمکارەکان دەکەن .

## ئامۆژگارییەکانی نوورسی

ئەی گەلی کوردان!

لە یەکگرتندا هێز و.. لە یەکێتیدا ژیان و.. لە برایەتیدا بەختەوەری و.. لە حکوومەتدا سەلامەتی هەیە.

بە توندی دەست بە گوریسی یەکێتی و پەتی خۆشەویستییەوە بگرن، تاکو لە بەڵا ڕزگارتان ببێت.

باش گوێم لێ بگرن هەتا شتێکتان پێ بڵێم:

بزانن! ئێمە سێ گەوهەرمان هەیە کە دەخوازن بیانپارێزین:

یەکەمیان ئیسلامەتییە، کە هەزار هەزار خوێنی شەهیدانمان بۆ داوە.

دووهەمیان: ئینسانییەتە، کە پێویستە لە پێش چاوی خەڵکیدا، بە خزمەتی عەقڵی، جوامێری و مرۆڤ پەروەریی خۆمان پیشانی دنیا بدەین.

سێهەمیان: نەتەوایەتیمانە، کە تایبەتمەندیی بە ئێمە داوە.

پێشینانمان کە بۆ خۆیان کاردروست و ڕێکوپێك بوون، دەبێ ئێمە بە کارەکانمان و پاراستنی نەتەوایەتیی خۆمان، گیانی ئەوان لە گۆڕەکانیاندا شاد بکەین.

دوای ئەوە.. سێ دوژمنمان هەیە کە ئێمە لەناو دەبەن:

یەکەم: هەژارییە ، چل هەزار حەماڵ لە ئەستەمبوولّدا بەڵگەیە لەسەری.

دووهەم: نەزانی و نەخوێندەوارییە. کە لە هەزار کەسدا یەکێکمان ناتوانێت ڕۆژنامە بخوێنێتەوە، بەڵگەی ئەوەیە.

سێهەم: دوژمنایەتی و دووبەرەکییە. کە ئەم دوژمنایەتییەش هێزی ئێمە لەناو دەبات و، ئێمەش شایستەی تەمێ و پەروەردە دەکات. حکوومەتیش لە بێ ویژدانیی خۆیدا ستەمی لێ دەکردین.

دوای ئەوەی کە ئێوە لەمە تێگەشتن، بزانن چارەی ئێمە لەوەدایە کە سێ شمشێری ئەڵماس بە دەستەوە بگرین، تاکو پارێزگاری لە هەر سێ گەوهەرەکانمان بکەین و، هەر سێ دوژمنەکەشمان لە خۆمان دوور بخەینەوە. ئەو سێ شمشێرەش:یەکەم: دادپەروەری و زانست و خوێندنە. دووهەمیان: یەکگرتن و خۆشەویستیی نەتەوەییە.

سێهەمیان: مرۆڤ بۆ خۆی کاری خۆی بکات و، بە وێنەی کەسانی نزم بە هیوای توانا و یارمەتیی خەڵکی نەبێت و، پشتیان پێ نەبەستێ.

دوا وەسیەتم:خوێندن.. خوێندن.. خوێندن!

دەستی یەك گرتن.. دەستی یەك گرتن.. دەستی یەك گرتن!

.

**لاپەڕەیەك لە ژیانی عومەر :**

عومەر دە ساڵ و شەش مانگ و حەڤدە ڕۆژ حوکمی موسڵمانانی کرد، **٥٣** ساڵ بوو بووە خەلیفە لە **٦٣** ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.کاتێ حوکمی گرتە دەست موسڵمانان یانزە جەنگی گەورەی هەڵگەڕاوەکانیان ئەنجام دابوو،باری ئابووری دەوڵەت لەوپەڕی خراپیدا بوو.

بۆ یەکەم جار کە عومەر سەرکەوتە سەر مینبەرەکەی پێغەمبەر (د.خ) دوو پلە هاتە خوارەوە و وتی:خوا دەزانێت کە من لە پلەی پێغەمبەرو لە پلەی ئەبوبەکریش دا نیم، ئینجا وتی:خەڵکینە من بە ئێوە تاقیکراومەتەوە و ئێوەش بە من،خەڵکینە بەڕاستی ئیسلام دیوارێکی مەزن و دەرگایەکی پتەوی هەیە ،ی دیواری ئیسلام دادپەروەریە و دەرگاکەشی هەقە،ئیسلام بەهێزە تا دیواروەدەرگاکەی بەهێز بێت کە ئەوانیش (هەق و دادپەروەریە) .

هەر کەس لە ئێوە ستەم بکات یان دەستدرێژی بکاتە سەر غەیری خۆی ڕوومەتی دەخەمە سەر خاك و قاچم دەخەمە سەر ڕومەتەکەی تری،تا هەق دەگێڕمەوە بۆ خاوەنەکەی ،ئەگەر کەسوکاریشم بێت، ئینجا منیش ڕومەتم دەخەمە سەر زەوی تا داوێن پاك و پارێزگار و موسڵمانە هەژارو لاوازەکان پێبخەنە سەر ڕومەتەکەی ترم .

خەڵکینە پێنج خەسڵەتم دەبێ لەگەڵتانا دەتوانن لێپرسینەوەم لەگەڵ بکەن و ڕامبگرن لەسەری :

یەكەم: لـەسەرمە كە دەست نەبەم بۆ ماڵتان كە بە ئەمانەت دراوەتە دەست من. ماڵـەكەتان بەلای منەوە وەك ماڵی هەتیوە، كە هەرگیز لێی نزیك نابمەوە ،مەگەر ئەوەندەی كە پێی بژیم، كە ئەویش دوو درهەمە بۆ نانی بەیانی و ئێوارەی خۆم وماڵ و منالـم،جلێك بۆ زستان و جلێك بۆ هاوین و وڵاخێكیش بۆ گواستنەوەی خۆم وماڵ و منالـم ،لـەدوای ئەوانەوە هەرچی بێت بە من حەرامە هەروەك حەرامی ماڵی منالی هەتیو .

دووەم: هەقتانە لـەسەرم كە ماڵ و سامانتان خەرج نەكەم مەگەر لـەوەدا كە ڕەزامەندی خوا و خۆتانی لـەسەرە.

سێیەم:هەقتانە لـەسەرم كە ڕۆزیتان زیاد و فراوان بكەم .

چوارەم: هەقتانە لـەسەرم كە وڵاتتان بپارێزم ، سنورەكان قایم بكەم بەڕووی دوژمناندا و لـە ناوەوەش ئاسایشتان بپارێزم.

پێنجەم:هەقتانە لـە سەرم كە پەیامی پێغەمبەرەكەتان بە هەموو دنیا بگەیەنم .

ئنجا دوعای كردو وتی: پەروەردگارا من بێهێزم بەهێزم بكە ، پەروەردگارا من توند و ڕەقم نەرمم بكە ،من ڕژدم بمكە بە سەخی .. لـە خوا بترسن بەندەكانی خودا، یارمەتیم بدەن خۆم چاك بكەم بە فەرماندان بە چاكە و دڵسۆزی بۆم ،(أقول قولی هذا و استغفر الله لي و لكم ).

عومەر سێ مانگی یەکەمی حوکمەکەی جەختی دەکردەوە سەر کارکرکردن ودەیووت:بێکار دامەنیشن ، بێکاری مەفسەدەیە ، ئاگاداری بێکاری بن ،هەرچی خراپە لە بێکاریەوە سەرهەڵدەدات ، هەرچی کارنەکات لەبەرچاوم دەکەوێت .

ڕۆژێك ئەبو هورەیرە ئەبینێت لە ڕێگا پێی دەڵێت :بۆ کار ناکەیت؟ وتی: پێویستم پێی نیە..

پێی وت: ئەی نازانی که یوسف ئەفەرموێ (قال أجعلني على خزائن الأرض اني حفيظ عليم) یوسف ، هەروەها دەیوت: فێری پیشەیەك بن ڕزق دەدرێن ، ڕۆزی لەگەڵ پیشەدا دێت، بازرگان بن هەرکەس بازرگان بێت ڕزقی دەدرێت .

عومەر چوار هەزار درهەمی بە قەرز دا بە هیندی ژنی ئەبو سوفیان کە کڕین و فرۆشتنی پێوە بکات .

ڕۆژێك کەسێکی قەڵەوی بینی دارێکی دا بە سکیا و وتی:ئەمە چیە؟ وتی:بەرەکەتە لە خواوە .

ئەویش وتی: نا ئەمە عەزابە لە خواوە .

ئێوارەیەك چووە مزگەوت بینی پیاوێك سواڵ دەکات و دەڵێت :کێ نانی ئێوارەم دەداتێ، عومەریش زۆری پێناخۆش بوو لە مەدینە سواڵ بکرێت ونانی ئێوارەیان پێدا،کەچی ئێوارەیەکی تریش بینیەوە ، وتی: ئەی دوێنێ نەیاندایتێ ؟

وتی:بەڵێ ، بەڵام من سواڵ کەرم .

وتی: نا تۆ سواڵکەرنیت تۆ بازرگانی دەکەیت ، ئنجا هەرچی وەرگرتبوو لێی سەند و ماڵەکەشیان پشکنی و وتی: جارێکی تر بتبینمەوە سزات دەدەم.

ڕۆژێك لە نێوان نیوەڕۆ و عەسردا کەسانێکی بینی خەوتوون، هەڵی ساندن و وتی:ئێوە نووستوون و داواش لە خودا دەکەن کە ڕزقتان بدات لە کاتێکدا ئاسمان زێڕو زیو نابارێنێت. هەستن بڕۆن کارێك بکەن.

عومەر سوپایەکی سی و شەش هەزار کەسی ناردە سەر فارس ، مەدینەش ئەوەنە خورما و زەرعاتی هەبوو بەشی خۆی ،بۆیە ویستی لە چەند ڕێگایەکەوە پارە دەست بخات وەك:

**وەقف کردن** ، بۆ نمونە لە دوای خەیبەر خۆشەویست( د.خ ) زەویەکی دایە ئەویش داهاتەکەی وەقف کرد بۆ نەخۆشی مەدینە، هاوەڵانیش چاویان لە عومەر کرد و وەقفکردن زۆر بوو،بۆیە ناچار بوو ڕێکی بخات و سەرەو کاری بکات بۆ ئەمەش دیوانی بەڕێوەبردنی ئەوقافی دروستکرد، جاکاتێ پارەی وەقف زۆربوو بڕیاری دا سودی لێوەرگرێت بۆ نەهیشتنی نەخوێندەواری لە مەدینەدا.

.

## لەبەردەم خواو خەڵكدا :

کاربەدەستان لەبەردەم خواو خەڵکدا بەرپرسیارن و هەمیشە چاویان لەسەرەو هەموو جۆرە گومانێکیان پێدەبرێت ، بۆیە دەبێت زۆر ئاگاداری خۆیان بن و هەوڵبدەن نەبنە فیتنە بۆ خەڵك و بزانن کەدادپەروەری سەعاتێك خێرترە لە عیبادەتی شەست ساڵی عابدێك ،ئەمەش چەندنموونەیەك لەزەمانی عومەردا:

١-لەزەمانی گرانیەکەدا یەکێ لەنەوەکانی کاڵەکێکی بە دەستەوە بوو ،کە عومەربینی پێی وت: بەه بەه کوڕی عومەر کاڵەك دەخواو ئومەتی موحەمەدیش لاوازوبرسین ، تا نەیانووت هی خۆیەتی وبەچنگێك خورما کڕیویەتی وازی لێنەهێنا .

٢- عەبدولاو عوبەیدولای کوڕی وەك باقی موسڵمانان لەسوپادا لە عێراق سەربازبوون ،کەویستیان بگەڕێنەوە بۆ مەدینە ئەبو موسای ئەشعەری کەوالی بەصرەبوو ، وتی: هەندێ پارەی دەوڵەت هەیە بەسولفە ئەتاندەمێ شتی پێبکڕن و لە مەدینە بیفرۆشن و ، قازانجەکەی بۆ خۆتان و ئەوەی تری بدەنەوە بەبەیتو المال، ئەوانیش شتیان پێکڕی و کە فرۆشتیان شتێکیان قازانج کرد ، کاتێك ویستیان پارەکە بدەنەوە ،عومەر وتی : ئایا هەموو سەربازەکان ئەمەیان بۆکراوە؟ وتیان : نەخێر ، وتی: ئەبێ قازانجەکەش بدەنەوە بە بەیتو المال.

عەبدولاّ قایل بوو ، بەلاّ عوبەیدولاّ زۆر موناقەشەی لەسەرکردو وتی : ئێمە زامنی پارەکەبووین و زەرەریشی بکردایە بۆمان ئەبژاردن ، بەهەرحالّ پاش بگرەو بەردەیەکی زۆر ئنجا عومەر قایل بوو نیوەی قازانجەکەیان بداتیێ .(لا۲۲۱ شهیدالمحراب).

۳- ئەبو موسای ئەشعەری پارچەیەك قوماشی بەدیاری دا بە عاتیکەی هاوسەری عومەر ، بەفەرمانی عومەر بۆی گێڕایەوەو زۆر لۆمەشی کرد لەسەری .

ولاّتی بێ لێپرسینەوە و بێ دامودەزگا و بێ ساحێب دەسەلاّتداری دزوجەردە دروست دەکات ، هەروەك ئێستا دەیبینین ، کەهەندێ لە کاربەدەستانی عەرەبی عێراق ٤٠٠ ملیارو کوردەکانیش ۳۰۰ ملیاریان بردووە ، کە دووسەد ملیاری هی پێنج پالّەوانە کە دیارە بەرەنجی شان و عەرەقی ناو چەوانیان پەیدایان کردووە لەم کوردوستانە خێرنەدیوەدا لەم چەند سالّەی دەسەلاّتیاندا .

٤- لەسالّی فەتحی مەککەدا خۆشەویستمان (د.خ) مەعازی نارد بۆیەمەن کە ئەمیربێت و رێی دا کە بازرگانی بکات بەپارەی بەیتول مالەوە ،لەبەرئەوەی قوربانی زۆری بۆ ئیسلام دابوو وە قەرزار بووبوو .

مەعاز وەزعی باش بوو کەدوای کۆچی خۆشەویست(د.خ) گەڕایەوە مەدینە ،عومەر چووە لای ئەبوبەکرو پێی وت: بنێرە بۆلای موعازو بەشی ژیانەکەی بدەنێ و باقیەکەی لێبسێنن بۆ بەیتول مال .

ئەبوبەکریش وتی:  من شتی واناکەم، خۆشەویست ناردوویەتی تالـەیەمەن هەقی بۆ بکاتەوە ، مەگەر خۆی شتێك بدات .

عومەر کەزانی ئەبوبەکر بەقسەی ناکات خۆی چوو بۆلای موعازوهەمان داوای لـێکرد ، موعازیش وتی: خۆشەویست(د.خ) هەقی بۆکردومەتەوە و شتی واناکەم.

دوای ماوەیەك موعاز چوو بۆلای عومەرو وتی: چی بلێیت بەقسەت دەکەم، ئەمشەو لـەخەوما لـەئاوێکدا خەریك بوو دەخنکام ، تۆ رزگارت کردم.

ئنجا چوو بۆلای ئەبوبەکرو هەمان شتی پێوت ، ئەبوبەکریش پێی وت: من هیچت لـێوەرناگرم و ئەگەر هەقی بەیتول مالیش بێت من پێشکەشی تۆی دەکەمەوە.ئیتر عومەر بەمە قایل بووکەئەبوبەکر وەك دیاری پێی دایەوە .(لا ٦٩ شهید المحراب /عمر بن الخگاب نووسینی عمر التلـمسانی).

٥- عبدالرحمانی کوڕی عەوف چوو بۆلای دایکی ئیمانداران ئوم سەلـەمەو وتی : دایکە من لـە قورەیشیەکان زیاتر ماڵو سامانم هەیەو ئەترسم ببێتە مایەی تیاچوونم .

ئەویش وتی: کوڕی خۆم ببەخشە ، من لـە خۆشەویستم بیستووە (د.خ) فەرموویەتی: هاوەڵم هەیە دوای مردنم نامبینێتەوە ، کەعەبدولـرەحمان چووە دەرەوە گەیشت بەعومەر بۆی گێڕایەوە ،ئەویش چوو بۆ لای ئوم سەلـەمەو وتی: توخوا من لـەوانەم ؟

وتی : نەخێر، بەڵام ئیتر کەسی تری لێ تەبریە ناکەم .ئەمە لەکاتێدا عومەر مژدەی بەهەشتی درابوویە .

عومەر زۆر خەمی بوو کاربەدەستەکانیشی کەسانی ساغ و بروادارى تەواوبن ، بۆیە بە حوزەیفەی وت: لە کاربەدەستەکانمدا کەسیان دووڕوون ؟؟

وتی: بەڵێ : یەکێکیان .وتی: کامیانە ؟؟

وتی: ناتوانم پێت بڵێم . دواتر عومەر گەڕاو دۆزیەوەو لای برد . ئەوان ئاوا لە دووڕوویی دەترسان :سەرچاوەی پێشوو لا (١٥٦).

**دکتۆر منیر محمد الغضبان:**

ناوبراو لە پەڕاوی (کشف المستور) دا ئاوا باسی خۆی دەکات :

* لە ساڵی ١٩٤٢ لە (تەل) ی دیمەشق لە دایك بووە.

* لە ساڵی ١٩٦٧ لە زانکۆی دیمەشق ئیجازەی شەریعەتی وەرگرتووە.

* لە ساڵی ١٩٦٨ لە زانکۆی دیمەشق دبلۆمی عامی لە پەروەردەدا وەرگرتووە.

* لەقاهیرەساڵی ١٩٧٧ماستەری لە زمانی عەرەبیدا وەرگرتووە .

*لە سۆدان لەساڵی ١٩٩٧ دا دکتۆرای وەرگرتووە لە زمانی عەرەبیدا لە زانکۆی قورئانی کەریم.

*خەڵاتی سوڵتانی برۆنای بۆ ژیاننامەی پێغەمبەر لەساڵی ٢٠٠٠ دا وەرگرتووە.

## گەشتی ژیان

دکتۆر منیر دووکتێب زۆر کاریان تێکردووە (احیاء) ی غەزالی و ( فی ظلال) ی سەید قوتب ، زۆر وابەستەی ژیاننامەی خۆشەویست بووە، بۆیە ئاواتەکەی سەید دێنێتە دی کە دەیوست پەڕاوی (فی ظلال السیرة) بنوسێت، ئەو شەهید کراو فریا نەکەوت ،ئەم بە فەزڵی خوا ئەو کارەی کرد و ١١ موجەلەدی لەسەر ژیاننامەی خۆشەویست نووسی کە بریتین لە (المنهج الحركي للسيرة النبوية،التربية الجهادية، التربية القيادية،التربية الجماعية،التربية السياسية) ئەمە بێجگە لە پەڕاوی (فقة السيرة النبوية) (فقة التمكين في السيرة النبوية ) و (أخلاقيات الحرب في السيرة النبوية) و ... هتد .



**نەفسی بە پەرۆشی نەسرەوتم:**

ناوبراو دەڵێت :عومەری کوڕی عبدالعزیز وتی: من نەفسێکی بەپەرۆش و نەسرەوتم هەیە ،حەزم کرد فاتیمەی کچی عبدالملك بهێنم هێنام ،حەزم لە ئەمیری بوو، بووم بە ئەمیر، حەزم لە خەلافەت بوو، بووم بە خەلیفە و، ئێستاش حەزم لە بەهەشتە هیوام وایە خوا بمخاتە بەهەشت.

منیش وەك ئەو نەفسێکی پەرۆش و نەسرەوتم هەیە ،سوپاس بۆ خوا لە بواری زانستیدا گەیشتمە پلەی دکتۆرا، لە بواری کاری بە کۆمەڵیشدا  کە لە منالّیمەوە دەستم پێکرد گەیشتمە پلەی موراقیب عامی برایانی سوریا بۆ ماوەیەك و خۆم دەستم کێشایەوە ، لە بواری نوسینیشدا گەیشتمە ئەوەی کە خەڵاتی سوڵتانی برۆنای لەساڵی ٢٠٠٠ دا وەربگرم لەسەر ژیاننامەی خۆشەویست (د.خ)،کە پێش من قەرزاوی و نەدەوی و عبدالفتاح ئەبی غودە وەریان گرتبوو.

**ژیان و مردن بەدەست خوایە:**

یەکەم : تەمەنم چوار ساڵ بوو،شاحینەیەکم بینی لە دوورەوە دەهات،کەنزیك بۆوە لەمبەری جادەکە ڕام کرد بۆ ئەوبەر ،ئەویش بە هەمووتوانایەوە پێی نا بە ئیستۆپدا و خۆی گرتەوەو خوا نەیکوشتم ،کە دابەزی گرتمی و شەقازللەیەکی لێدام کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە .

دووەم: مامۆستا بووم لە دێیەکانی دەیرزوور مەلەم دەکرد لە ئاوی فوراتدا لەگەڵ قوتابیەکانمدا دوورکەوتمەوە و لە گەڕانەوەدا ماندوو بووم و توانام نەما ،لە دوورەوە زانیان نقووم بووم فریام کەوتن،کە دەریان هێنامەوە لە هۆش خۆم چوو بووم .

سێیەم: لە تەمەنی سی و یەك ساڵیدا لە ڕۆژی تەرویە لە حەج لەگەڵ شێخ محمد سعید تەنتاوی بووم ، ئۆتۆمبێلێکی گەورە لێیدام شایەتمانی مەرگم هێنا ،کەچی خوا نەیکوشتم و چەند پەراسوویەکم شکا ،یەك مانگ لە خەستەخانەی مەککە چارەسەریان بۆ کردم.

چوارەم: لە سی و سێ ساڵیدا تازە فێری سایەقی بووبووم لە جیاتی ئەوەی پێ بنێم بە ئیستۆپدا پێم نا بە بەنزیندا سەیارەکە باڵی گرت و فڕیە سایدەکەی ترو بەربەستەکانی شکاند ،خوا ڕەحمی کرد سەیارەی تر نەهات لەوبەر ئەمجارەش لە مردن ڕزگارم بوو.

بەڕاستی چوار جار خوا ژیانی دامەوە،تا ئەو پەیامەی لەسەر شانمە وخوا بۆی تەقدیر کردوم بیگەیەنم ،بۆیە پێویستە بۆ هەناسەیەکیش لە ئیرادەی غافڵ نەبین لەم دنیایەدا .( ل٣٠كشف المستور ).

**ئەو کەسایەتیەی کە زۆر کاری تێکردووم :**

لە پۆلی سێی سەرەتایی بووم تەمەنم ٧ ساڵ بوو، لە پێنج ساڵیدا چووبوومە قوتابخانە ،برا گەورەکەم لە کۆمەڵەی برایان بوو، بیستم

شێخ موستەفا سوباعی سەردانی ناوچەکەمان دەکات ، موستەفا سوباعی هات و وتاری هەینی دا ، ئامادەبوانی خستە گریان.

دوای وتارەکە خەڵکەکە سەلامیان لێدەکرد و منیش خۆم بردە پێشەوە و خۆم گەیاندێ ،کەمنی بینی لەناو ئەو پیاوانەدا سەلامی لێکردم و منیش وەڵامم دایەوە.

وتی: تۆش لە برایانی موسڵمانی ؟ دەستی درێژ کردو تەوقەم لەگەڵ کرد و وتم: بەڵێ مامۆستا.

زەمەن هات و ڕۆی تا ئێستا شانازی ئەکەم بەو بەیعەتە.

دواتر بینیمەوە کە هات بۆماڵمان براکەم لە مەشقی سەربازیدا شەهیدبوو بوو ئەو کاتە تەمەنم سیانزە ساڵان بوو.

دواتر بینیمەوە کە مامۆستای کۆلێژی شەریعە و عەمیدی بوو منیش قوتابی بووم، تێر ئاو بووم لە وتارەکانی .

جارێکی تر کە لە حەج هاتبووەوە بۆ ماوەی سێ سەعات لە خزمەتیا بووم ، دە ڕۆژیش پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات بەخزمەتی گەیشتم کە ئەو کاتە تەمەنم ٢٢ ساڵ بوو.

بەڕاستی دکتۆر مستەفا سوباعی یەکەم کەسە کە جێپەنجەی لە ژیانما دیارە و دوای ئەو کەسایەتی (عصام العطار) سەرکردەی ئیخوان لە سوریا زۆر کاریگەری هەبوو لەسەرم .



عصام العطار



مصطفى السباعى

**منالّی جیهانێکی تایبەتە :**

تەمەنم دوو سێ ساڵێك ئەبوو، منالّێکم بینی یاپراخی گەڵامێوی دەخوارد ، بەدرێژایی شەو ورِکم گرت بۆ یاپراخ ، تاچوون لەماڵە دراوسێکەمان دوو سێ دانەیان بۆ هێنام.

لەگەڵ هەندێ هاوەڵمدا چووینە باخێکەوە و میوەمان دەخوارد و بەردمان دەگرتە بەرووبومی دارەکان ،کەبراکەم زانی زللەیەکی لێدام کە هەرگیز لە یادم ناچێت تا ئیتر هاوەڵی هەموو کەس نەکەم .

ئەوەی ترسناکە لەو تەمەنەدا کە منالّ هاوەڵی منالّی هاوتەمەنی خۆی نەکات ،زۆر جار ئەوانەی گەورەترن بچووکەکان بە لارِێدا ئەبەن کە ئەوەش ئەبێت کەس و کار ئاگادار بن تا منالّەکانیان لە دەست نەچێت.

**باوكم :**

باوكم بەهەموو جۆرێك نوێژی لا خۆشەویست ئەكردم ،تا پۆلی چواری سەرەتایش من بەیانیان دایكمم خەبەر دەكردەوە بۆئەوەی ئاوی دەستنوێژمان بۆ گەرم بكات،بەتایبەتی كە زستان لای ئێمە زۆر سارد بوو.باوكم چوو بۆ سعودیە بۆ كاركردن و برا گەورەكەم سەرپەرشتیارم بوو.

تەمەنم دە ساڵان بوو هەر لەو كاتەوە حەزم لە بانگەواز كردن بوو بۆ دینی ئیسلام و بۆ ئەم مەبەستەش دوو سێ فەرمودەم لەبەركردبوو ، هاوەڵانم بانگ دەكرد بۆ دینداری.

من لە منالیەوە حەزم بە خوێندنەوە بوو، براكەم ڕێنمایی كردم چیرۆكی پۆلیسی نەخوێنمەوە و ئەو شتانە بخوێنمەوە كە سوودی هەیە، جا ئەوەشی كە ئەیخوێنیتەوە نەینووسیت لە بیرت ئەچێتەوە .ئەوەی ئەمخوێندەوە بە چاوێكی ڕەخنەگرانەوە ئەمخوێندەوە ،ڕەخنەم لە ریوایەتەكانی جورجی زەیدان دەگرت و لەگەڵ براكەم موناقەشەمان دەكرد، ئەوە بێجگە لەوەی حەزم لە نواندن بوو لەگەڵ هاوەڵەكانمدا لە قوتابخانە .

نوێژ بەلامەوە زۆر گرنگ بوو،مناڵ بووم بەیانیەكیان لەگەڵ باوكم ئەچووین بۆ دێی (دەیر قانون) كە زۆر خۆش بوو.لە ڕێگا دوو كاتژمێر دواكەوتیین تا سەیارەكەیان بۆ چاك كردین،منیش وتم: باوكە نوێژی

بەیانیم نەکردووە بۆیە وامان لێبەسەرهات، باوکیشم پێکەنی و وتی: لەوانەیە وابێت.

جا هەست کردن بەوەی هەموو گوناحێك سزایەکی هەیە ، مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بۆ منالْ و گەورە .. جارێك لە باخێك یاریمان دەکرد و پەیژەیەکمان شکان هێنامان بەسەر منالێکی کەدا کە خەتای نەبوو ،ئەو شەوە خەوم لێنەکەوت لە شەرمەزاریا، بەیانیەکەی چووم ڕاستیەکەم بە ساحێبەکەی وت ، توڕە بوو و تۆزێکی پیا کێشام بەڵام کە ئەمزانی ئەو لەسەر حەقە ئەوە بوو بە دەرس بۆم.

**سەردەمی هەرزەکاریم:**

زۆر لە هاوتەمەنەکانم تووشی لادان بوون لەژێر فشاری زۆری حەز و ئارەزووەکانیان، ئەو سەردەمەش کتێب و گۆڤاری خراپ و وروژێنەر زۆر بوون. بەڵام ترسم لە خوا وای کرد دوور بکەومەوە ، خۆم پاراست لە شەهاوەت بە خۆ دوورخستنەوە لە هاوەڵی خراپ و خۆدوورگرتن لە حەرام و بەڕۆژوبوونی دووشەممە و پێنج شەممان .

**توندڕەوی:**

لە قۆناغی دواناوەندی بووم، گەنجێك کە تازە ڕێی ئیسلامەتی گرتبوو ،کۆمەڵێکی لە خۆی کۆکردبووەوە ، بەحسابی خۆی جیهادیان دەکرد و دەوڵەتی ئیسلامیان بەرپا دەکرد، ڕۆژێك کابرایەکی بەعسیان پڕ شەق کرد، هەرچی وەك من شوێنیان نەکەوتایە، چل شەو دەنگیان دائەبڕی لێی ، منیش لەبەر ئەوەی بەقسەم نەکردن لێدانێکی باش لێیان

دام ! شیوعیەکیش گوایە قسەی بە پێغەمبەر وتبوو، بە چەقۆ لێیان دابوو بە هۆی زۆری خوێن ڕۆشتن مرد، حکومەت هەر شێت بوو، زۆربەیانی گرت و هەندێکیان ڕایانکرد  بۆ ئەردەن.

**تیپی نواندن:**

تیپێکی نواندنمان هەبوو  پاش هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر و پاش پێشکەش کردنی شانۆگەریەك تەنها (٢٠٠) لیرەمان بۆ مایەوە، دوای ئەوە لەسەر داوای بەرپرسانی ناوچەکە شانۆگەریەکی تری سەرکەوتوومان پێشکەش کرد و پانزە هەزار لیرەمان بۆ مایەوە،پارەکە زۆر زۆر بوو، قەرارمان دا  بیبەخشین بە خەستەخانەیەك کە بەتەما بون لە (تەل) ی دیمەشق بیکەن.

**دیاری باوکم:**

باوکم لە وڵاتی سعودیە کاری دەکرد ، کتێبی (السيرة النبوية) ی ئیبن هیشام و (تأريخ الطبري) بۆ ناردم  بەمەش زیاتر شارەزا بووم لە ژیانی خۆشەویست (د.خ).

لە ساڵی (١٩٥٩) تەمەنم ١٧ ساڵێك دەبوو،ئەمخوێندەوە لەبەر خاتری ئەوەی کە بنووسم .

**پەساپۆرت:**

باوکم پارەی بۆ ناردم بەمەبەستی دەرهێنانی پاسپۆرت بە هیوای سەردانی مەدینەی منەورە ، پەساپۆرتم دەرهێنا ، بەڵام لە گەشتێك لەگەڵ هاوەڵانم لێم ونبوو و نەمتوانی دەریبهێنمەوە و بەو شێوە

خەونەکەم لـە گۆڕِ نراو چەند جارێك خەونم بە مەککە و مەدینەوە دەبینی کە خەبەرم دە بووە تێر خەفەتم دەخوارد.

جارێکیان لـەگەڵ برادەرێکمدا چووم بۆ فیلمی قەیس و لـەیلا لـە دیمەشق ، لـە فلیمەکەدا قەیس دەبەنە حەج و دیمەنی کەعبەی پیرۆزی پیشان دا هەستم کرد کە کەعبەی پیرۆز لـە بەردەممایە، برینەکەم کولایەوە و گریام،کە فلیمەکە تەواو بوو هێشتا فرمێسك بە چاومەوە بوو،کۆمەڵی کیژۆلـە منیان بینی و وایان زانی کە عاشقم .. نەیان دەزانی کە من عاشقی کەعبەی پیرۆزم و بەو خەممەوە چوومەوە دێیەکەی خۆمان.

**خوا پاراستمی:**

بەلای منەوە وزەی جنسی وەك گڕی چرایەك وایە بەدەست خۆتە زیاد و کەمی بکەیت ،بەڵام سوپاس بۆ خوا تا تەمەنی نۆزدە ساڵیش تووشی نەزەری حەرام نەبووم، کە لـە بازاڕەوە دەچووم بۆ مزگەوت چاویلکەکەم لادەبرد بۆ ئەوەی بەرچاوم لێڵ بێت و بۆ ئەوەی تووشی نەزەری حەرام نەبم.

**بوومە مامۆستا :**

لـەپۆلی یانزەدا کەوتم ،تەمەنم ١٧ ساڵێك دەبوو،لـەگەڵ باوکمدا ماوەیەك کرێکاریم کرد ڕۆژی بە پێنج لیرە ،حەزم لـەو کارە نەدەکرد، بۆیە بوومە وەکیل مامۆستا لـە دێی (حفیر التحتا) ،ئەمەش ژیانێکی تازە

بوو بۆ من، بووم بە وتاربێژی مزگەتەکەیان و بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بووم و خەڵکەکەش خۆشیان دەویستم.

ڕۆژێك لە قوتابییەکم دا و سەری کەوت بە تەختەیەکدا ، ناوچەوانی بریندار بوو زۆر خەمم بوو ماڵەوەی بێنە سەرم،خوا ڕەحمی کرد باوکی بە سواری گوێدرێژێکەوە هات و وتی گۆشتی بۆ تۆ و ئێسقانی بۆ ئێمە ، وانەبێت فێر نابێت.

جارێکی تر موفەتیش لەسەرمان بوو ئەم فەرموودەیەم بە قوتابییەکان وت (قدموا العَشاء على العِشاء ) هەردووکیم بە (عیشا) خوێندەوە، موفەتیش بۆی ڕاست کردمەوە ، خوا ڕەحمی کرد و قسەیەکم بۆ هات وتم (ئەها قوتابیان سەیر کەن،من بە منالی بە هەڵە پێم وتراوە و وا لەبەرم کردووە،باش بوو موفەتیش بۆی ڕاست کردینەوە ئەگینا بەسەرمانا تێدەپەڕی و ئێوەش بە هەڵە فێر ئەبون.

پاش ئە وەی ساڵێك پۆلێکی تایبەتم خوێند بوومە مامۆستای فەرمی و لە ساڵی خوێندنی ١٩٦١-١٩٦٢ لە دێی (جزرة الميلاج) دایانمەزراندم، لە وناوچانەدا شەست دێ مزگەوتیان نەبوو لە کاتی بە هاروهاویندا منالەکانیان بەجێدەهێشت ونیوەکۆچەری بوون.

بەپێچەوانەی دێی کوردەکانەوە کەکۆچەری نەبوون ومزگەوتیان هەبوو،هەرچۆنێك بێت لەگەڵ قوتابیەکانمدا بەردمان هەڵکەند لەشاخ و مزگەوتێکمان دروستکردو برایانیش لەناوچەکانی دەوروبەرەوە تەختەوداریان بۆناردین بۆسەقفەکەی.

## گەشتی ژیان

بۆساڵی داهاتوو کەشۆڕشی ئازاری **١٩٦٣** ڕوویدا،وەکیل مامۆستایەکی بەعسیمان بۆهات،زۆر هەوڵم لەگەڵدا تا هێنامە سەرخەت وفێری نوێژورۆژووم کرد.

ئەو دووساڵە زۆرسەخت ودژواربوو بۆم ، لە ساڵی**١٩٦٤- ١٩٦٥** گواستمیانەوە دێیەکی نزیك دیمەشق و ژنم هێنا.

ساڵی **١٩٦٥-١٩٦٦** گواسترامەوە بۆناوچەکەی خۆم(التل) و قوتابیش بووم لەپۆلی چواری کۆلێژی شەریعە.

لەساڵی **١٩٦٦-١٩٦٧**گواستیانمەوە بۆ دێی (حینە) کە مەسیحی بوون لە بەرئەوەی کە من ئیسلامییەکی چالاك بووم .

بەعسییەکان تەنگییان پێ هەڵچنیبووین،بۆماوەی هەفتەیەك گیرام و لێپێچینەوەیان لەگەڵ کردم کە رێکخستنتان هەیە یان نا،منیش وتم: من وەك بانگخوازێك بۆخوا کاردەکەم وئیخوان رێکخستنیان نییە لە ناوچەکەمانداو هەڵیان وەشاندووە.

دوای ئەوەی بەربووم ، براکەم قبوڵی بۆ وەرگرتم بۆ خوێندنی ماستەر لە زمانی عەرەبیدا لە میصر،هەرچۆنێك بێت چوومە میصر و خوێندم .

چی کتێبی ژیاننامەی خۆشەویستە (د.خ) لە کۆن و نوێدا و دەستم کەوتبێت خوێندوومەتەوە، جا سەید بەڕەحمەت بێت لە **٥٩** ساڵیدا شەهید کراو دکتۆر (مصطفی السباعی) یش لە چل و نۆ ساڵیدا چاوەکانی لێکنا.

هەردووكیان حەزیان دەكرد دیراسەی تەواو و لێكۆڵینەوەی نایاب بكەن لـە سەر ژیاننامەی خۆشەویست (د.خ) بەڵام ژیان لـەبار نەبوو بۆیان، من بڕیارم دا كە ئەو كارەی ئەوان دەست لـە دەست و قوەت لـە خوا بە ئەنجام بگەیەنم.

ئاشكرایە مرۆڤ چەند بخوێنێتەوە تانەنوسێ و دەعوە نەكات زانستەكەی لای ناچەسپێت.

**كاركردنم لە وڵاتی سعودیە:**

دوو كەسایەتی سعودی سەردانیان كردم و كار ئاسانیان بۆ كردم كە بە گرێبەست بچم بۆ سعودیە و لـە تائیف وەك ڕێنماییكاری پەروەردەیی كاربكەم.. ئەو ئێوارەیەی گەیشتمە جەددە بوو بە ڕەمەزان ، برایەك پێشوازی لـێكردم و چووم عومرەم كرد و چاوم گەش بوەوە بە بینینی ئەو كەعبەیەی كە ئاواتی تەمەنم بوو.

لـە تائیف ژیانێكی نوێم دەستپێكرد، دەرگایەك بووخوا لـێی كردمەوەو زۆر لـەبرایانی ئیخوانم بینی لـە میسری و سوری و.....هتد.

ئنجا ئیشی بانگەوازم لـە چوار چێوەیەكی فەرمی حكومیدا دەستی پێكرد، بڵاوكراوەیەكی پەروەردەییم ئامادەكرد بەناوی(فقه الحجاب) كە چاپكراو بەسەر هەموو قۆتابخانەكانی تائیفدا دابەشكراو ، نوسخەیەكیشیان نارد بۆ ریاز ، پاشان بڵاوكراوەی دووەمیشم بۆ

ئامادەکردن بەناوی (فقه الزينة فى الاسلام) کە ئەمەش بەسەر هەموو قوتابخانەکان وپەیمانگاکانی کچاندا لە سعودییە دابەش کرا.

ئنجا لەسەروترەوە داوایان لێکردم بچمە ریاز وپاشان لەگەڵ شاندێکی سەرۆکایەتی گشتی فێرکردنی ئافرەتان داوام لێکرا بەشداری بکەم لەکۆنفراسی مامۆستای سعودی لە مەککە کەکەسانی پسپۆڕی زۆری پەروەردە ئامادە بووبوون و زۆر ڕێزیان گرتین و ڕێیان داین کە لەناو کەعبەشدا نوێژبکەین، هەروەك چۆن خۆشەویست (د.خ)لەفەتحی مەککەدا نوێژی تیاکرد.

ساڵی خوێندنی(١٩٧٢–١٩٧٣)تەواو بوو،داوایەکم بۆهات لە سەرۆکی گشتی ریازەوە کە بۆمانگێك لەوێ کاربکەم ،کەتەواوبووم وتی :خۆت ئامادەبکە دەبیتە بەرپرسی مەنهەجی زانستی ئاینی لە وڵاتدا، من ویستم نەیکەم، بەلاّم ڕازی نەبوو، بەو شێوەیە پلەو پۆستم بەرز بوەوە کە هەرگیز لە خەویشمدا شتی وا بە خەیاڵمدا نەهاتووە.

### خەمی بانگەواز:

پێنج ساڵ لە ریاز بووم سەر باقی کارەکانم هەردەم خەیاڵم لای برایانی سوریا بوو ، هەمیشە هەوڵی چاکسازیم داوە لەنێوان لایەنە ناکۆکەکانی برایاندا.من سەرباقی ئیشە فەرمیەکەم کاری بانگەوازم لە یاد نەکرد و زۆر پەڕاوم نووسی و لێکۆڵینەوەی چاکم پێشکەش کرد

لەسەر ئەو کەسایەتیانەی کە مێژوویان دەشێوێنرێت وەك: عوسمانی کوڕی عەفان ،موعاویە ، هیندی ژنی ئەبو سفیان... هتد.

**ژیان بەرزو نزمی و خۆشی و ناخۆشی زۆری تێدایە وەك:**

١-ئەو خۆشیەم بۆ وەسف ناکرێت کە بۆ یەکەم جار ئەو کەعبەیەم بینی کە بینینی ئاواتی گەورەی ژیانم بوو جا سبحان اللـه چونکە تائیف نزیك بوو هەموو پانزە ڕۆژێك ئەهاتین بۆ مەککەو عومرەمان دەکرد.

٢-هەر ئەو ساڵەی کە هاتمە سعودیە حەجم کرد کە بە ڕاستی خۆشیەکەی وەسف ناکرێت.

٣- هە واڵێکم پێگەیشت کە ئەبی ئوسامەی برام شەهید بووە لە جەنگی تشرین (اوکتوبر)دا دوایی دەرکەوت هەواڵەکە ڕاست نییە ئەوەش چەند ناخۆش بوو دواییەکەی بووە خۆشیەکی کەم وێنە .

٤- یەکەم جار کە سەرکەوتمە ئەشکەوتی حراء کە بۆ یەکەم جار سرووش دابەزییە سەر خۆشەویست(د.خ) لەو شوێنەدا، خۆشیەك بوو لە ساتە خۆشەکانی ژیانم.

٥- پاش شەش ساڵ لە لەدایك بوونی عامری کوڕم (اروى) لە دایك بوو خۆشیەکی زۆری پێبەخشیم.

٦- ئەو شۆفێرەی لە کاتی حەجدا لێی دام و چەند پەراسووی شکاندم هەر زوو عەفووم کرد خوای گەورەش حەقی بۆ کردمەوە

کاتێك منیش ئوتومبیلەکەم لە دەستی وەرگرتم و چوومە سایدەکەی ترو لە سێ مندالّم دا ، بە هەولّی برا سعودیەکان  کە کەس و کاری مندالّەکانیان دەناسی لیّم خۆش بوون و دادگا ئازادی کردم کە ئەمەش فەزلّی خوا بوو بۆم کە لە یادی ناکەم و یەکێکە لە خۆشیەکانی ژیانم.

٧–هەلّبەتە ناخۆشیەکانی ژیانیش زۆرن بە تایبەت شەهید کردنی نزیکەی هەزار برای خواناس لە بەندیخانەی تەدمور لە سوریا لە سەر دەستی بەعسیەکانداکە بە ڕاستی هەوالّێکی جەرگ بڕ بوو.

**لە بانگەوازەوە بۆ چاودێری گشتی برایانی سوریا** :

بەردەوام  لە گەلّ سەرکردەکانی برایانی سوریادا لەهەولّدا بووم بۆ یەکخستنەوەی بالّەکانی برایانی سووریا ، تا کاتێکم زانی مەکتەبی ئیرشاد لە سالّی ١٩٨٥ دا داوایان لیّکردم کە ببمە موراقیب عامی برایان سا بەلّکو برایان هەموو بێنەوە سەرخەت و جیاوازیەکان کەم ببنەوە . زۆر هەولّم دا بەلاّم بەداخەوە بەرهەمی کەم بوو،بۆیە دەست لە کار کێشانەوەم پێشکەش کرد و بە ناچاری قایل بوون .

پاش ئەوەی کە لە سعودیەوە چوومە ئەردەن و خەریکی کاری برایان بووم لە دەوروبەری سالّی ١٩٨٦ دا گەڕامەوە زانکۆی ام القری لە مەککە لە پەیمانگەی لێکۆلّینەوەی زاتستی زانکۆ کارم کرد کە ئەمەش نزیکەی ١٣ سالّ درێژەی کێشا واتە لە سالّی ١٤٠٧ ی

کۆچی تا ساڵی ١٤١٩ ی کۆچی کە تیایدا گرێ بەستەکەیان کۆتایی پێهێناو کە سانی سعودی یان خستە جێگام.

لەساڵی١٤٢١کۆچی کەوتمە کارکردن لەگەڵ (نەدوەی جیهانی لاوان) لەسعودییە و دیارە رزقیش لە خواوەیەوخۆی بەدواتا دێت . لەنەدوەش کارەکەم لێکۆڵینەوەی سەقافی بوو، بەمەش بەهەموو کارەکانم بواری باشم بۆڕەخسا بۆ لێکۆڵینەوەی ئیسلامی باش ونووسینی چەندە ها لێکۆڵینەوەو کتێب.

جا یەکێك لە نیعمەتەکانی خوا لەسەرم ئەوەیە کە پەیداکردنی رزق و رۆزییەکەم بەشێك بوولەئیشکردنم بۆدینەکەم.

**خۆشترین لەزەتی ژیانم :**

خۆشترین لەزەتی ژیانم بوونەوەبوو لەگەڵ ژیاننامەی سەروەردا (د.خ)ژیام کە بە هۆیەوە زنجیرەیە پەڕاوم بەرهەمهێنا لەسەر ئەو خۆشەویستەم و نامەی دکتۆراکەشم لە سۆدان لە ساڵی ١٩٩٨ دا لەسەر هۆنراوە بوو لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ).

**کۆچی دوایی :**

پاش ٧٢ ساڵ تەمەن لە ساڵی ٢٠١٤ لەمەککە کۆچی دوایی کردو لە کەعبەی پیرۆز نوێژی لەسەرکرا .

.

## قوتابیەکی بەننا :

لاشین ئەبو شەنەب لە ساڵی ١٩٢٧ لەدایك بووە ، لەساڵی ١٩٤١ لەتەمەنی چواردە ساڵیدا بووە قوتابی بەننا و ٧٣ ساڵ لە خەت لای نەداو بەوەفابوو بۆ برایان وبووە ئەندامی مەکتەبی ئیرشاد و ساڵی ١٩٨٧ بووە ئەندام پەرلەمان ولە ساڵی ٢٠١٤ لەتەمەنی٨٧ ساڵیدا پاش ئەوەی کە گرت لەگەڵ ١١٥ سەرکردەی هاوخەباتیدا موڵك وماڵیان دەست بەسەراگیرا، گەڕایەوە بۆ لای ئەو خوایەی کە ئەو هەموو ساڵەخەباتی بۆ کرد .

ناوبراو کۆلێژی دار العلومی تەواوکردو مامۆستای زمانی عەرەبی بوو ،شەش جار تەفسیری ( فی ظلال )ی خوێندەوەو ،پێیان دەووت : سەییدی سەردەم .چەند جار زیندانی کراو چەندساڵ دەربەدەربوو ،لە سعودیە لەزانکۆ مامۆستا بوو ، لەو ساتەوەی بەیعەتی دا بە ئیمام بەننا نەسرەوت ، تەنانەت بەو پیریەش کەلەسەر کورسی کەمئەندامان بوو ، ئەچووە لای خۆپیشاندەرانی رابیعەی عەدەوی وهانی ئەدان لەسەر خۆڕاگری و دەیووت :ئێمە رۆڵەی باگەوازێکی عەزیز و کەریمین ، دواناکەوین و کەمتەرخەمی ناکەین لەگەیاندنیاو ،جیهاد لە رێی داو ،مردن لە پێناویدا ، ئنجا دەگریاو هەمووانیشی دەخستە گریان ..

الله أکبر ئەم بەننایە چۆن توانی ئەو بینا مەزنەی دەعوە بینا بکات و ئەو هەموو پیاوە کۆبکاتەوە کە بەسەرو بەماڵ تێبکۆشن و کوڕوکچیان لە پێشەوەی کاروانەکەدا شەهیدبن و ببنە سەرمەشق بۆ

خەڵکانی تر ..من کەسەیری هەوڵ و خەباتی ئەم شێرانەی مەیدانی خواناسی دەکەم ئەوەندە خۆم لابچووك دەبێتەوە دەڵێم : ئاخۆ قیامەت روومان بێت لەگەڵ ئەوانەدا بڵێین ئێمەش قوتابی ئەو قوتابخانەیە بووین.






قاسم أمين الثانوية



**بەننا چ بەننایەك بوو !!**

وتیان : بۆ نانووسیت و پەڕاوت کەمە ؟؟ ، فەرمووی :من بینای پیاو دەکەم ، دواتر ئەوان دەنووسن ..

هەزاران رەحمەتت لێبێت چۆن هەر لەژیانی خۆتدا بەو ماوە کەمەو بەوهەموو دوژمنەوە نیو ملیۆن کەست کردە شێری مەیدانی خواناسی ، هەزارانی وەك سەیدت دروست کرد کەبەڕاستی سەید بوون ، ئەمیان نە بەقسە بەڵکو بەشەهیدبوونەکەت چاوی کرایەوە، کاتێك چووبوو بۆ ئەمریکاو لەو نەخۆشخانەیەی کە تیا چارەسەردەکرا بینی ئاهەنگ دەگێڕن بۆ نەمانت .


سەید زۆر لەحاڵی خۆی تەریق بۆوە کە بەهێندەی ئەمریکیەکان بەننایەکی میسری هاونیشتمانی خۆی ناناسێت ، هەر لەوێوە کە بینی موخابەرات ئەیانەوێ بیکوژن تادژی ئیخوان بەکاری بهێنن زیاتر ئیخوانی لاخۆشەویست بوو ، بڕیاری دا بەیعەت بدا بە هوزەیبی بۆ سەرخستنی ئیسلام ، ئەم سەیدەمان نەسرەوت تا خۆشەویست(د.خ) لە دوا کازیوەی بەیانی ژیانیدا لەخەویدا لەئەسپێکی سپی دابەزی ومژدەی شەهیدی دایە .

من نازانم بەننا چ بەنایەك بوو وا هەشتا ساڵ زیاترە کاروانەکەی بەرێوەیەو بەهەموو پیلانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا ناوەستێنرێت ، رەنگە دڵسۆزیەکەی بێت کەزۆر شەو لەکاتی موناجاتدا لەگەڵ خوادا لەداخی حاڵی ئوممەت دەگریا ،یان خۆشەویستیەکەی بێت بۆ رەسولی

نازدار (د.خ)، کاتێ لەمەدینەبوو ، لە باخێکی خورمای پیاوباشێك میوان بوو ، داوایان لێکرد وتاریان بۆ بدات وتی: هەرچەند لەتافی لاویمەوە وتار ئەدەم ، کەچی لێرە ئەوەندە شەرم لەرەسولی خوا دەکەم دەمم گۆ ناکات و قسەم بۆ نایەت ...

سەرەنجام ئەو بووە سەرقافڵەی شەهیدانی رابوونی نوێ و بەڕاستی قوتابیەکانیشی بەسەروماڵ بەوەفابوون بۆ مامۆستاو بەننای بینای دەعوەی سەدەی بیستەم..

**ئیمام بەننا چۆن باسی کورد دەکات** ..بەننا نامەیەك ئاڕاستەی پاشای عێراق دەکات لە چلەکاندا، کاتێك بیستبووی کورد شۆڕش دەکات،کوردەکان جێگەی ڕێزوتەقدیری زۆرن لەخۆیانەوە شۆڕش بەرپاناکەن و دەست نادەنە چەك ، دیارە ستەمیان لێدەکرێت و دەبێت هەوڵبدەن ئەو ستەمە لابدەن ، وەگەلی کورد نەوەی سەلاحەدینن و هیچ کەسێك وەك ئەوان دڵسۆزی نیشتمانی ئیسلامی نین .



**مورسی وئێران :**

عەلی رەزا غولامی سەرکردەی پێشووی حەرەسی سەوری ئێرانی رایگەیاند کاتێك سالّی ٢٠١٢ سەردانی ئێرانی بۆ کۆنگرەی (عدم الانحیاز)کرد قومیٚ ئاویشی نەخواردەوە لەئێران .

دیارە متمانەی پێنەکردوون، ئەوان کە بەبەرچاوی دونیاوە تەحریفی وتارەکەیان کرد کاتێك تەرجومەیان کرد لەبارەی سوریاوە و موراسیلی جەزیرە کەشفی کردن ، زۆر ئاساییە کە بە قومیٚ ئاو تەواوی بکەن و فاتیحەی بۆ بخوێنن .



**وانەیەك لەحەجەوە:**

﴿وَأَذِّنْ فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِنْ كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ (٢٧)﴾الحج .

**رۆژ بەرۆژ زیاتر موعجیزەی ئەم هەواڵەی قورئان دەردەکەوێ ، خوای گەورەی زانا بەغەیب فەرمووی : ئەی ئیبراهیم بانگ بکە بۆ حەج پیاوانێك دێن بەدەم بانگەکەتەوە .ئەو بانگەی ئیبراهیم دای لەو رۆژەوە تائەمڕۆ خەڵکی لەسەرتاسەری دونیاوە نەك بەجەستە بەڵکو رۆحیان باڵدەگرێت بەرەو مەککە ، ئەگەر خوانەبێت کێ ئەتوانێت زەمانەتی سێ چوار هەزار ساڵ بدات کەخەڵکی دەچن بەدەم بانگەکەی ئیبراهیمەوەو ئەمڕۆش لەهەمووکات زیاتروەڵامی ئەو بانگە بدرێتەوە .**



هەر ئەمساڵ تەنها لە بەریتانیاوە هەژدە هەزارکەس چوون بۆ حەجی ماڵی خوا ، ئەمانە هەمووی مژدەن بەداهاتوویەکی گەش بۆ ئیسلام لەگەڵ ئەو هەموو پیلانەی کە بۆ ریگرتن لەئیسلام لەئارادایە ..

**دکتۆری بانگخوازی سوری محمد راتب نابلسی دەڵێت :**



لە تەاوفدا لە کاتی حەجدا پاڕامەوە لەخواو وتم: خوایە گیان شەرەفمەندت کردوم بەخزمەتکردنی پەیامەکەت و خەڵکی ، ئەگەر بەڕاستی بۆ تۆم کردووە خۆم و کارەکەم بپارێزە، ئەگەر واش نیم بەفەزڵی خۆت پێش مردنم چاکم بکە.

بەڕاستی خوای پەروەردگارمان (حفیظ) ە، داوابکەن بتانپارێزێت لەو فیتنەیەی کە تووشی هەمووان دەبێت و کەسیش ناتوانێت فریات بکەوێت مەگەر رەحمی خوا ، کەسێك دەناسم **٢٥** ساڵ لەسەر رێی ئیمان بوو ، کەوتە داوی ئافرەتێکەوەو وازی لە نوێژەکانیشی هێناو

عاقیبەت شەڕ بوو، قورئان بەخۆشەویستمان دەفەرمویّت (د.خ) (وَمَنْ يُرِدِ اللَّهُ فِتْنَتَهُ فَلَنْ تَمْلِكَ لَهُ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا)٤١ المائدة..

بەڕاستی خوای گەورە(حفیظ) ەو ئەمەش بەئاشکرا لەژیانماندا دەیبینین ، پیاوێك سوێندی بۆ خواردم کە لەکاتی شۆفێریدا خەوی لێکەوتووەو خەویشی بینیوەو خوا بۆ خۆی پاراستوویەتی ، ئەگەر ئەو نەبوایە بەهەموو حسابێکی بەشەری ئەبوایە تیابچووایە .دیارە ئەم پیاوە ئەجەلەکەی ماویەتی و تا ئەشگاتە ئەجەلەکەی فریشتەکان بە ئەمری خوا بەردەوام دەیپارێزن (لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ يَحْفَظُونَهُ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ)١١ الرعد..

(بەندەش کاك جەمال مەجیدی برای خۆشەویستم بۆی گێڕامە کە لە هەشتاکاندا لە بصرەوە هاتبۆوە بۆ سلێمانی و خەوی لێکەوتبووبۆ ماوەیەك وخوا پاراستبووی لە وەرگەڕان وتیاچوون ).

## بۆکێی بەجێدەهێڵن؟

لەم رۆژگارەدا کە دەزگاکانی موخابەراتی ولأتانی دراوسێ وبیانی کاریان هاتۆتە سەر دروستکردنی گرووپی جۆراو جۆر یەکێ بەناو خەلافەت دائەمەزرێنێ و قەتلێ و عام دەکات ویەکێکیش سەرکردە فاسقەکان بەوەلی ئەمر دەزانێت و هەمووان دەکاتە بیدعەچی و هەرخۆی بەراست دەزانێ و،یەکێ بەتەمایە ئەحمەدی وقادیانی بۆکوردی خێرنەدیو بێنێ و..هتد .

جالەبەرامبەر ئەو هەموو چەواشەکاریەدا وەرە هەق و راستی ومیانەڕەوی بگەیەنە، دیارە ئەرکێکی زۆر قورسە ، جانازانم چۆن هەندێك غیرەتیان قبوڵ دەکات ساحەکە جێ بهێڵن .

ئەچن خەریکی چی دەبن ؟؟ گریمان دەچن لەرەوزەی شەریف عیبادەت دەکەن (کەواش نیە ) دەی نابێت بە هەوڵ و تێکۆشان لەرێی خوادا . خۆشەویستمان دەفەرموێت : فەزڵی عالم بەسەر عابیدا وەك فەزڵی منە لەچاو کەمترینتانا .

دکتۆر محمد راتب نابلسی دەڵێت : لاوێکی خواناسی تەمەن شانزە ساڵ لە شامەوە لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا ئەچێت بۆ مەدینەو دەیەوێت لەوێ بمێنێتەوەو خواپەرستی بکات لە مزگەوتەکەی خۆشەویستماندا(د.خ)، خۆشەویستمان لەخەودا پێی دەفەرموێت : کارکردنت لەولاّتەکەی خۆت باشترە لەوەی لای من بمێنیتەوە ، راستە لێرە خواپەرستی دەکەیت و بەختەوەر دەبیت ، بەلاّم کارەکانت دەوەستێت وپلەوپایەت بەرزنابێتەوە .ئەویش دەگەڕێتەوە شام و قوتابخانەیەکی ئاینی دەکاتەوە کەتا ئێستاش ماوەو هەشتا ساڵ وانەی تیادەڵێتەوەو لە نەوەدوشەش ساڵیدا دەمرێت .زۆرجار قوتابی وای هەبوو پێی دەوت: کوڕم باوکیشت وباپیریشت قوتابی من بوون .

زۆر زەروورە لەم مەسەلەیە تێبگەین چەندخواپەرستی بکەین باشە ، بەلاّم خواپەرستی و بانگەوازکردن چاکترە ، چونکە

بانگەوازکردنەکە سوود بەکەسانی تردەگەیەنێت و بەوەش پلەو پایە لای خوا بەرزدەبێتەوە.

بۆیە تکاتان لێدەکەم لەخەمی بانگەوازدا بن بەھەرچی بۆتان دەکرێت و خۆتان مەدزنەوە ، تەنانەت ئەگەر لەمزگەوتەکەی رەسولی نازداریشدا ئیعتیکاف بکەن ، خۆشەویست(د.خ) دەفەرموێت :

أَحَبُّ الناسِ إلى اللهِ أنفعُهم للناسِ ، وأَحَبُّ الأعمالِ إلى اللهِ عزَّ وجلَّ سرورٌ تُدخِلُه على مسلمٍ ، تَكشِفُ عنه كُربةً ، أو تقضِي عنه دَيْنًا ، أو تَطرُدُ عنه جوعًا ، ولأَنْ أمشيَ مع أخٍ في حاجةٍ ؛ أَحَبُّ إليَّ من أن اعتكِفَ في هذا المسجدِ يعني مسجدَ المدينةِ شهرًا ، ومن كظم غيظَه ولو شاء أن يُمضِيَه أمضاه ؛ ملأ اللهُ قلبَه يومَ القيامةِ رِضًا ، ومن مشى مع أخيه في حاجةٍ حتى يَقضِيَها له ؛ ثبَّتَ اللهُ قدمَيه يومَ تزولُ الأقدامُ.

الراوي: عبدالله بن عمر المحدث: الألباني - المصدر: صحيح الترغيب.خلاصة حكم المحدث : حسن لغيره



**دکتۆر یوسف ئەستێس :**

ناوبراو چالاکترین بانگخوازە لە ئەمەریکای باکورو کەناڵی (هودا)ی دامەزراندووە بە زمانی ئینگلیزی و لەهەموو هۆکارەکانی تری راگەیاندنیشدا رۆڵی باشی بینیوە بەتایبەت ژووری ئاخاوتن لە ئینتەرنێتدا و بەهەزاران کەسی موسڵمان کردووە .

ناوبراو لەساڵی ١٩٤٤ لەدایك بووەو لە ساڵی ١٩٩١ موسڵمانبووەو تاساڵی ١٩٩٨ لە مەغریب و میصرو تورکیا خۆی فێری زمانی عەرەبی کردووە ، دکتۆرای هەیە لە لاهوتدا و پرۆتستانتیەو بازرگانی ئامێری مۆسیقاشی دەکرد لەگەڵ باوکیداو ملیۆنەربوون .

لەرێی بازرگانیەوە محمد ناوێکی میسری ناسی کە خەڵکی شاری منیا ی صەعیدی میصرە ، دکتۆر یوسف لەبارەی محمد ەوە

دەڵێت : محمد کەسێکی رەوشت بەرزبوو ، ئەنانی نەبوو ، حەزی بەخێری خەڵك دەکرد ، جارێك کەلوپەلێکمان دەفرۆشت هەندێکی ماوەی بەسەرچوونەکەی مانگێکی مابوو هەندێکیشی رۆژێك ، محمد بەکڕیارەکەی وت: ئەوە ببە کە ماوەی بەسەرچوونەکەی درێژترە ، زۆرم بەلاوە جوان بوو کە فێڵی لە کڕیارەکە نەکرد .

من و هاوەڵێکی قەشەم ئەمانویست بیکەینە قەشە وەك خۆمان کەچی ئەو من و برادەرەکەشی کردە موسڵمان .

ناوبراو کەناوی جۆزێف بوو کەموسڵمان بوو ناوی خۆی کرد بە یوسف و، خێزانی و سێ کچەکەشی موسڵمانبوون .ئەڵێ جارێك چووم سەری باوکم ماچ کرد ، سبحان اللە پاش کەمێك کچەکانم هاتن سەری منیان ماچ کرد ، بەڕاستی چاکە لەگەڵ دایك و باوکدا خوا زۆری پێخۆشەو هەر لەدونیاشدا دێتەوە رێت .

**دکتۆر یوسف باسی موسڵمانبوون دەکات:**

١-پیاوێکی مەسیحی ئەگەڕا بەدوای راستیدا ، سەری لە یەهودیەتەوە دەرچوو ، ١٤ ساڵ خەریکی یەهودیەت بوو ،پرسیاری زۆری لە حاخامەکان دەکرد، خاڵی وەرگەڕانیشی بەرەو ئیسلام ئەوەبوو ، کە بینی جوولەکەکان بەتەواوی ناوی خوا نابەن تەنانەت وشەی گۆد بە ئینگلیزی (گ د ) دەنووسن ، کاتێك لە گۆڕەپانێکدا سەیری یاری دەکرد کەسێکی بینی قورئانی بەدەستەوەبوو دەیخوێند بسم الله سەرنجی راکێشا وتی : بۆ ئێوە ناوی خوادەبەن بەتەواوی وتی : بەڵێ خوا لای

ئێمە (الله) یەو (٩٩) ناوی پیرۆزی هەیە .. ئەمە وای لێکرد موسڵمان ببێت . هەروەها یەکێکی تر کەبینی لـە فاتیحەدا لای موسڵمانان(رب العالمین ) خوا پەروەردگاری جیهانیانە موسڵمانبوو ، چونکە لای جوولـەکە خوا تەنها پەروەردگاری خۆیانە !!

٢-ئافرەتێکیش کە لـەگەڵ گۆرانیبێژی راپدا دەردەکەوت لـە ئاهەنگەکاندا و قژو جل و هەڵسوکەوتی شێتانە بوو ، بەوەشەوە جەماوەرێکی باشی هەبوو ، موسڵمان بوو ئێستا کەسێکی هێمن و لـەسەرخۆو بە ویقارە .دایکی زۆر دژایەتی کرد ، هەرچەند ئەم شووی کردووەو منالێکیشی هەیەو زۆر خزمەتی دایکیشی دەکات.

٣-ئافرەتێکی ئەمریکی بەناو جێمی ئەکتەرو نمایشکاری جل و بەرگەو وێنەکانی لـە گۆڤارەکانی پلای بۆی دا بلأودەکرانەوە ، ئالوودەی مەی و تلیاك بووبوو ، بڕیاری دا بەبێ داوودەرمان چارەسەری خۆی بکات لـەژووری گفت وگۆ وبەهۆی چاتەوە، شێخ یوسف ئەستێس پاش ماندووبوونێکی زۆرقەناعەتی پێکردو موسڵمان بوو .

٤-لـە کەنیسەیەك قسەم دەکرد بۆیان لـەبارەی ئیسلامەوە ، کچێك دەستی هەڵبڕی و بەقەشەکەی وت : بۆم هەیە موسڵمان بم ، قەشەکەش وتی : لای ئێمە هەمووکەس ئازادە، کچەکە موسڵمان بوو

پاشان ئەملاوئەولای قەشەکەی ماچ کرد تومەز قەشەکە باوکیەتی ، ئنجا کوڕێکیش بەدوایا موسڵمانبوو ، کە ئەم دوانەم برد بۆ مزگەوت و یەکتریان ناسی چووە خوازبێنی و بووە هاوسەری .

بڕوام نەئەکرد جارێکی تر بانگم بکەنەوە ، کەچی دوای مانگێك بانگیان کردمەوەو وتارم بۆ دان ، من پێیان دەڵێم : هەموو لەماڵەکانتان موسڵمان هەیەو بەخۆتان نەزانیوە هەموو بەسەرسامیەوە دەڵێن :چۆن ؟؟ منیش پێیان دەڵێم : هەموو منالێك کەلەدایك دەبێت لەسەر فیترەتەوموسڵمانە.



٥- لە کۆنگرەی ئاشتی لەدوبەی ساڵی ٢٠١١ پاش ئەوەی من قسەم کرد ، قەشەیەك هەستا قسە بکات منیش چوومە بەردەمی و وتم: من وا هەست دەکەم تۆ ئەتەوێت هیدایەت وەرگریت ، تۆ ئەتەوێت لەخواوە نزیك بیت ، وتی : بەڵێ وایە ، وتم : دەشایەتمان بهێنەو بڵێ : أشهد أن لااله الا الله وأشهد أن محمدا رسول الله ، کامێرەی زۆرمان لەسەربوو ،

راستەوخۆ دیمەنەکان دەگواسترانەوە ، قەشەکەبەچاوی پڕ لە ئەسرینەوە شایەتمانی هێناو هەر لەوێدا موسڵمان بوو .
بۆ ساڵی ٢٠١٢ پەیوەندیان پێوەکردم کە ئەمیری دوبەی فەرمانی داوە خەڵاتی کەسایەتی ساڵ کە خزمەتی ئیسلامی کردووە بدرێ بە تۆ، منیش وتم : بیدەن بە دکتۆر زاکیر نایك ، وتیان : ئەوە فەرمانی ئەمیرە ، ناچار چووم خەڵاتەکەم وەرگرت و وەقفم کرد بۆ کاری خەیری .بۆ ساڵی ٢٠١٤ ش لەسەری قسەی من خەڵاتەکەیان دا بە دکتۆر زاکیر نایك قوتابی شێخ ئەحمەد دیدات .
٦- کەمترین ماوەش بۆ موسڵمان بوون ئەوەبوو وتارم ئەدا پاش سێ خولەك یەکێك دەستی بەرزکردەوە و وتی : ئەمەوێت موسڵمان ببم ، بەڕاستی صەدمە بوو بۆم ، شایەتمانی هێناو موسڵمان بوو ، وتم : هەقە ئیتر قسە نەکەم سوپاس بۆ خوا ئەوەی ویستم هاتە دی ..
من زۆر بیر لەو حاڵەتە دەکەمەوە ، خاوەن بڕوانامەی باڵاو ئەوەش کە نەخوێندەوارە وەك یەك دێن بەرەو ئیسلام چونکە مەسەلەکە پەیوەندی هەیە بەدڵەوە و دڵیش بەدەست خواوەیەو هەرکەس شایەنی هیدایەت بێت ، هیدایەتی ئەدات .

دکتۆر یوسف رەخنەیەکی توند لە دەسەڵاتدارانی سعودیە دەگرێت و دەڵێت : ئەوان پەیڕەوی ئیسلام ناکەن ، ئەگەر ئافرەت بۆی هەبێت سواری وشترو وڵاخ ببێت ، ئیتر بۆ ئەبێت رێی لێخوڕینی ئوتۆمبیلی لێبگیرێت .(بەرنامەی بلاحدود/ئەحمەد مەنصور)

جا ئەوانەی بەڕاستی شوێنکەوتەی سەلەف بن ڕەخنە لە حکومەت دەگرن و لە لۆمەی لۆمەکاران ناترسن و زۆریان لە کارەکانیان فەسڵ کراون و زۆریشیان لە بەندیخانەدان و لەم دواییەشدا شێخ عورەیفی گیراوە .

لەم لاشەوە بەناوسەلەفیە تەزویرەکان پاکانە بۆ وەلی ئەمری تەزویر دەکەن و دیارە هێرشێکی توندیش دەکەنە سەر دکتۆر یوسف ئەستێس و بە بیدعەچی و سەرلێێشێواو ناوزەدی دەکەن و دەڵێن : دەبێت ناوبراو داوای لێبووردن لە سعودیە بکات!

**دکتۆر عومەر الاشقر :**

لەپەڕاوی( صفحات من حیاتی)دا هاتووە کەساڵی ١٩٤٠ لە دێیەکی نابلس لە فەلەستین لەدایك بووەو،دکتۆر محمدی برای کەزانای ئوصول فیقهە لە مەدینە بووە ، بۆیە ئەمیش لە ١٣ساڵیدا ئەچێتە مەدینەوئەبێتە ئەمینداری کتێبخانەی زانکۆی ئیسلامی و چەند مانگێك بەناهەق دەگیرێت لەگەڵ چەند کەسێکی تردا ، بەتۆمەتی کارکردن بۆ حیزبی تەحریر کەلەراستیدا ئەم هیچ پەیوەندیەکی بەو حیزبەوە نەبوو .

ساڵی ١٩٦٥ دێتە کوەیت و درێژە ئەدات بەخوێندن و ماستەر لەزانکۆی ئەزهەر دێنێت وساڵی ١٩٨٠ ش دکتۆرا لەئەزهەر

بەدەست دێنێت و لە کۆلێژی شەریعەی زانکۆی کوەیت دەبێتە مامۆستا .

لەساڵی ١٩٩٠ دا لەدەرەوەی کوەیت دەبێت بۆ بەشداری کۆنفرانسێك ، کەسێك دێت ئەو هەواڵە ناخۆشەی ئەداتێ کە کوەیت داگیرکراوە ، زۆر خەمباردەبێت کە ماڵ و مناڵی هەموو لەکوەیت بوون .

بەوحاڵەشەوە داوای وتارێکی لێدەکەن بەناچاری وتارەکە دەدات و لەرێی ئەردەنەوە دەگەڕێتەوە کوەیت و هەواڵی ئەدەنێ کە دەسەلأتدارانی عێراقی بەدوایدا دەگەڕێن ، چونکە کاتی خۆی چەند جار داوای بەشداریکردنی کۆنفرانسی لێکرابوو لە عێراق و ئەمیش نەچووبوو ، چونکە صدامی بە دیکتاتۆر دەزانی ، ناچار کوەیتی بەجێهێشت و بە نارەحەتیەکی زۆر گەیشتە ئەردەن و بووە مامۆستای زانکۆو لە کۆتایی ژیانیشیدا خۆی دەست بەتاڵ کرد بۆ نووسین .

لە ٢٢ی رەمەزانی ساڵی ٢٠١٢ لەتەمەنی ٧٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد .

رەحمەتی کۆمەڵێك پەڕاوی نایابی نووسیوە لە بواری فیقهو عەقیدەدا .

دکتۆر لە یادەوەریەکانی ژیانیدا دەڵێت :

١-لەریاز لە سعودیە سەرەتایی و سانەویی دیراسات ئیسلامیم خوێندو هاوەڵی خراپ خوێندنی شەریعەتیان لابێزراو کردبووین گوایە پاشەڕۆژ

ئەبێ ببیتە مەلا و ئەندازیاری و پزیشکی چاکترە کەسێك هەوڵی بۆ بدات .

لە ئیجازەیەکدا گەڕامەوە فەلەستین و پەساپۆرتم برد بۆ کۆمپانیایەك تا بمنێرن بۆ بەرازیل بە پەنجا دیناری ئەو کاتە ، بەلاّم وتیان لەبەرئەوەی تەمەنت کەمە ساڵێکی تر شمولت دەکات ، یان ئەبێ باوکت بهێنی و رەزامەند بێت ، منیش ئەمزانی باوکم رازی نابێت و دەیەوێت کاربکەم لەو کەسارەیەی هەمان بوو لەچیاو بەردی پێدەشکاندو لمی بەرهەم دەهێنا بۆ بیناکردن .ناچاربووم بگەڕێمەوە سعودیەو درێژە بەخوێندن بدەم و ٢٤ کاتژمێرکەمترم مابوو لە ئیجازەکە بگەمەوە سنووری سعودیەو رێمبدەن داخلّ ببم ، لە نابلسەوە سواری شاحینە بووم بۆ ئەردەن و لەوێوە بەشاحینە بۆ سنووری سعودیە ، خوا بەرەحمی خۆی بۆی ئاسان کردم و پێش بەرەبەیان گەیشتم و داخلّ بووم ، ئێستا بیردەکەمەوە ئەگەر بچوومایە بۆ بەرازیل خوا دەیزانی سەرم لەکوێوە دەردەچوو ، سوپاس بۆخوا قەدەرەکەم بۆمن خێربوو .

٢–وا تەمەنم شەست و هەشت ساڵەو ژیاننامەم تۆماردەکەم ، کەوام لە پاییزی تەمەنداو ، ئەزانم منیش ئەبمە مێژوویەك ، ئیبن کثیر لە بدایەو نیهایەکەیدا باسی ئیبن جوزی دەکات کە کتێبی (زاد المسیر ) و (**المنتظم فی تواریخ الامم من العرب والعجم**) ی نووسیوە کە ٢٠ موجەڵەدە،دەڵێت : ئەوەندە مێژووی تۆمارکرد تاخۆشی بووە مێژوو .

# گەشتی ژیان

جابەڕاستی هەموومان نەوەی باوو باپیرانێکین کە لەم دونیایە کۆچیان کردووەو تیاچوون ، هەروەك وتراوە:

مازلت تدأب في التأريخ مجتهدا

حتى رأيتك في التأريخ مكتوبا

یان کەوتراوە:

أرى كل حيٍّ هالكاً و ابن هالك

وذا النسب في الهالكين عريق



**گرنگی ئیلتیزام:**

# گەشتی ژیان

یاریزانی میسری محمد صلاح لەدایکبووی ١٩٩٢ ەو لەساڵی ٢٠١٠ دا وەك یاریزانێکی بەتوانا لە یانە میسریەکان دەرکەوت ، ساڵی ٢٠١٢ خەڵاتی باشترین یاری زانی یەکێتی تۆپی پێی ئەفریقیای وەرگرت ، لەیانەی بازلی سویسری یاری کرد بە پێی گرێبەستێك کە دوو ملیۆن یۆرۆ بوو . پاشان یانەی چیلسی گرێبەستیان لەگەڵ کرد لە ٢٠١٤دا بە نۆ ملیۆن و سێصەد هەزار یۆرۆ ..کە لە راهێنەری یانەکەیان پرسی بۆ ئەو هەموو پارەیەت دا بۆ کڕینی ئەو یاریزانە ئەویش وتی : لەدەرەوەی یاریگا چاودێریمان کرد بۆمان دەرکەوت مولتەزیمە.



پاش ئەم گرێبەستە ناوبراو گەڕایەوە میسرو ژیانی هاوسەری پێکهێناو چوو بۆ عومرەو وتی : ئنجا بەتەواوی گەشتی ئیلتیزام دەست پێدەکات ..پشت بەخوا محمد صلاح ئیسلام وناوی پیرۆزی محمد بە دونیا ئەناسێنێ لەرێی تۆپی پێوە کە بەسەدەها ملیۆن هەواداری هەیە ..

شایانی باسە خوا کچێکی پێبەخشین و ناوی ناوە مەککە.

**یوسف نەدا**:

سالّی **١٩٣١** لە ئەسکەندەریە لەدایك بووە . لەسالّی **١٩٤٧** ەوە بووە بە ئیخوان و وا (٦٧) سالّە لەسەر عەهدوپەیمانەکەیەتی و بەو تەمەنەیەوە کە **٨٣** سالّە کۆڵ نادات.

لە پەنجاکاندا جەنگاوە لە دژی بەریتانیەکان لە کەنالّی سوەیس ، لەسالّی **١٩٥٤** گیراوە لەزەمانی عەبدولناصرداو پاش دووساڵ بەربووەو کۆلێژی کشتوکالّی زانکۆی ئەسکەندەریەی تەواوکردووەو کەوتۆتە بازرگانی کردن .

سالّی **١٩٦٠** میسری بەجێهێشت ولە لیبیا و نەمساو چەند ولاّتێکی تر بازرگانی دەکرد بەتایبەت چیمەنتۆ، تا ناوبانگی دەرکرد بە شای چیمەنتۆی دەریای ناوڕاست.

سەرەنجام سالّی **١٩٦٩**لە کامبیونای ئیتالّی گیرسایەوە کە ئەکەوێتە سنووری سویسراوە و جنسیەی ئیتالّی هەیە .ناوبراو رۆلّێکی گەورەی بینی لە پەیوەندی نێوان ئێران و ئیخوانداو ، سعودیەو یەمەن

و، سعودیەو ئێراندا ، هەوڵی زۆریشی دا بۆ چارەسەری کێشەی نێوان بەرەی ئینقازو حکومەتی جەزائیر.

ناوبراو ئەندام بوو لە پەیمانگای بینمنزو کە دەزگایەکی زانستیەو وسەربەنەتەوە یەکگرتووەکانە و زۆر کەسایەتی جیهانی ئەندامن تیایدا ، پەیمانگاکە خەڵاتی ڕێزلێنانی دایە لەساڵی ١٩٩٧ دا .

لەهەمان ساڵدا کۆنفرانسێك بۆ ئاشتی گیرا لەو پەیمانگایە و بۆشی باوك و کوفی عەنان و گۆرباتشۆف وئەندرسۆن ئامادەی بووبوون ، بۆشی باوك لە وتارەکەیدا وتی : من و گۆرباتشۆف جەنگی ساردمان کۆتایی پێهێناو بەدوای دوژمنێکی تردا ئەگەڕێین کە ئەویش ئوصولیەتەو...هتد).

دوای قسەکانی بۆش یوسف نەدا مایکرۆفۆنەکەی وەرگرت و وتی: لەگەڵ ڕێزی زۆرمان بۆ سەرۆك ، من وائەزانم ئێمە بۆیە لێرەین تاباسی ئاشتی و لێبوردن ببیستین ، کەچی ئەبینین جەنابت بەدوای دوژمندا دەگەڕێیت تالەگەڵی بجەنگیت ، تۆ بەدوای شەڕدا دەگەڕێیت نەك ئاشتی .ئنجا بەتوڕەیی بەهەردوو دەستی کێشای بە مێزەکەی بەردەمیاو وتی : ئەمانە ڕاستین و ئەبێ ئەم ڕاستیانە بزانین ولە ڕاستیەکاندا بژین .

لەساڵی ٢٠٠١ دا بۆشی کوڕ دوای ١١ی سێبتەمبەر تۆمەتی ئیرهابی خستە پاڵی و بانقی تەقوای تەجمید کرد و کەوتنە لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا.

حکومەتی سویسری و ئیتاڵی و سی ئای ئەی و مەباحیسی فیدراڵی و بە هاوکاری ١٢ دەوڵەتی تریش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرد ونەیانتوانی یەك یەك بەڵگە بهێنن کە هاوکاری تیرۆری کردبێت.

لەساڵی ٢٠٠٨ دا حوسنی ناموبارەك غیابیەن دەساڵ حوکمی بەندکردنی بۆ دەرکردو لەساڵەی ٢٠١٢ دا مورسی ئەو حوکمەی هەڵوەشاندەوە .

ناوبراولێپرسراوی پێشووی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئیخوان بوو ، هەروەها بەرپرسی  بانقی تەقوا بوو ، کەبەفەرمانی ئەمریکا دەستی بەسەراگیراو لێپێچینەوەی زۆری لەگەڵدا کرا .

لەبەرنامەی بلا حدود چەند خاڵێکی باس کرد لەوەلامی ئەحمەد مەنصورداو وتی :

١-بەڕای من باشتر بوو ئیخوان بەشداری نەکات لە حوکمدا ، هەرچەند دەترسان حوکمی پێشوو بگەڕێتەوە ، من هەرچی بڵێم ئەوان لەمن شارەزاترن ، چونکە ئەوەی دەستی لە ئاگردا بێت وەك ئەوە نیە کەدەستی لە ئاوا بێت .

٢-ئێمەی ئیخوان حەوت ملیۆن ئەبین لە میسردا ، بەلاّم چیبکەین لە قیبتیەکان کە ئەوانیش حەوت ملیۆنن و پاپا کاتی خۆی پشتگیری موبارەکی کردو پاشان پشتگیری سیسی کرد ، هەرئەوانت بۆ بێنە سەرجادە کەم نیە و ئەتوانن کێشەت بۆ دروست بکەن .

٣- لەمیسردا سی ملیۆن نەخوێندەوار هەیەو بیست ملیۆن بێکار هەیە،ئەوانەش بەئاسانی ئیستغلال دەکرێن و زۆریان ئەبرانە خۆپیشاندانەوە و پارەیان ئەدرایە لە دژی ئیخوان .

٤- ئیخوان کۆمەڵێکی ئیصلاحین و سلمین ناتوانن کەس بکوژن و ئەگەر هەمووشمان تیابچین ناتوانین سلمی نەبین .

٥-ئێمە دینەکەمان لە هەندێ لە شێخەکانی سعودیەوەوەرناگرین ، کە ملکەچی کاربەدەستە موفسیدەکانن ، ئەوەتا قورئان دەفەرموێت ﴿ وَلَا تُطِيعُوا أَمْرَ الْمُسْرِفِينَ (١٥١) الَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ (١٥٢)الشعراء.. ئێمە وا لەم ئایەتە تێگەیشتووین ملکەچی ئەو موفسیدانە نابین هەرکەسێك بێت .

٦- لەم کاتەدا کە سەرکردەکانی ئیخوان و ١٨٠هەزارمان لە بەندیخانەدان ، سەرکردایەتیەکی نوێمان هەڵبژاردووە کە تەمەنیان لە چلەکاندایەو من دانیشتووم لەگەڵیانداو ناتوانین ئاشکرایان بکەین لەبەر باری ئەمنی .

٧-تاقە رێگاشمان خۆ ڕاگریەو بەردەوامبوونی خۆپیشاندانەکانیش بەڵگەن لەسەر رازی نەبوون بە کودەتاکە لەلایەن ئیخوان و خەڵکێکی زۆری غەیری ئیخوانەوە .

٨-ئێمە لە ٧٢ ولاّتدا هەین وژمارەمان دەگاتە سەد ملیۆن کەس

**٩-ولاّتی سعودیە پاش ئەوەی خۆی و ئیمارات ئیخوانیان بە تیرۆریست دانا ،داوای لە بەریتانیا کرد کەئەویش جادەکە لە ئیخوان تەسك بکاتەوەو گوایە سعودیەو میسر مەلەفی گەورەیان داوە بە بەریتانیا بۆ ئەو مەبەستە ، من دڵنیام کە بەریتانیا چووبێتە هەرشوێنێکەوە هەموو وردەکاریەکی ئەو شوێنە دەزانێت و ئاتاجی بە مەلەفی کەس نیە .**

**ئەوان بە بەریتانیا دەڵێن کە من و ئیخوانیش دژی ئینگلیز جەنگاوین کاتی خۆی لە کەناڵی سوەیس ، جا ئەوە بەریتانیا خۆی باش دەیزانێت و ئێمەش ئینکاری ناکەین شانازی پێوەدەکەین .**

**ئێمە لە خوا نەبێت لەکەس ناترسین و دڵنیاین کە لەسەر هەقین و ئەزانین خەریکی چین .**

**١٠- من لام سەیرە دەستەواژەی ئیسلامی سیاسیان هێناوەتە کایەوە ،لای ئێمە ئیسلام دینەو سیاسەتیش هۆکارێکە بۆ چاکسازی و خزمەتکردنی دین .**








**راپرسی پەیمانگای واشنتۆن** :

پەیمانگای ناوبراو لەرێی کۆمپانیای تایبەتەوە لەولاّتە عەرەبیەکاندا راپرسی دەکات و زانیاری کۆدەکاتەوە بۆ دەسەلاّتدارانی ئەمەریکاو بۆیان دەرکەوتووە:

١-فیکری داعش لەسەدا پێنج کەمتری سعودی و ئیماراتی و کوەیتیەکان قەناعەتیان پێیەتی.

٢- یەك لەسەر سێی خەڵکی ئەو سیٚ ولاّتە ئیخوانیان بەدڵەو سۆزیان هەیە بۆیان ، کەئەمەش دەسەلاّتدارانی ئەو ولاّتانەی تۆقاندووە کە لە هەڵبژاردنێکی ئازادا دەسەلاّت دەگرنە دەست هەروەك میسر. لەساڵی ٢٠٠٥ دا ئەمەریکا داوای کرد لە نامووبارەك کە

لەهەڵبژاردنی ئەو ساڵەدا تەزویر نەکات تا حەجمی ئیخوانیان بۆ دەربکەوێت ، ئەوەبوو لە جەولەی یەکەم و دووەمدا ئیخوان ٨٠ کورسی هێنا بەپەلە لەجەولەی سێیەمدا کەوتنە تەزویرات و ناموبارەك بۆ ئەمەریکای سەلماند کە بەهەڵبژاردنی بێ تەزویر ئیخوان دێنە سەرحوکم ئەوەبوولە ٢٠١٣ دا بە فیعلی هاتنە سەرحوکم.

ناحەزانی ئیسلام کە لە کورسیەکەیان دەترسن ئەوەندە خەمیانەو لێکۆڵینەوە دەکەن ، یەکێ لە لێکۆڵینەوەکانیان کەزۆر وردە بریتیە لە (کاریگەری ئیخوان لەسەرپەندی میسری ).

هەر لەبەر ئەمانەشە کە هێرشێکی گەورەی راگەیاندن و گرتن و تەنگپێهەڵچنین هەیە لە جیهاندا بەرامبەر بەئیخوان و چەندەها کۆمەڵەی وەك مەدخەلیەکان دەکەن بەگژ ئیخوانداو کتێبەکانیان یاساغ دەکەن و لە سعودیەو ئیمارات خراونەتە لیستی تیرۆریستانەوە، تەنانەت کابرایەك کە لەدەورەیەکدا لەئیمارات لە گەڵ تاریق سوەیداندا بووە بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندیەکی پێوەی بێت لەئیمارات دەریان کردووە .

٣-هەروەها لەراپرسیەکانیاندا دەرکەوتووە کە ٤٧٪ی سعودیەکان و ٤٥٪کوەیتیەکان و ٣٨٪ی ئیماراتیەکان حەزبە ئەمەریکا ناکەن کە

ئەمەش بەهۆی مامەڵەی خراپی ئەمەریکاوەیەبەرامبەر بە موسڵمانان.

**جەنگی ئیستراتیجی بەرامبەر ئیخوان :**

نووسەری بەریتانی دیفید هێرست لە هفتنگتۆن پۆستدا دەڵێت :حوسیەکان لەیەمەن هۆزێکی بچووکی شیعەن و ئێران زلی کردن تا وا ئێستا دەستیان گرتووە بەسەر چەندشارێك و پایتەختی یەمەندا ، سیاسەتمەدارە شیعەکانی ئێرانیش ئێستە شانازی بەوەوە دەکەن کە چوار پایتەختی وڵاتی عەرەبیان داگیرکردووە ، بەغدا ، سەنعا ، بەیروت ودیمەشق .

پێشتر سعودیە هەموو هاوکارییەکی یەمەنی کرد دژی حوسیەکان ، بەڵام ئێستا خۆی و ئیمارات رێکەوتن لەگەڵ ئێراندا کە حوسیەکان بەریان بۆ بەرەڵا بکرێت تا کۆنترۆڵی یەمەن بکەن ، ئەمەش موخابەراتی سعودی بە جەنگی ئیستراتیجی دەزانێت دژی ئیخوان بەگشتی ودژی (حیزبی تەجەموعی ئیصلاحی یەمەنی) بەتایبەتی کە ئیخوانن.

سعودیە لە قینی ئیخوان نازانێت چ کارەساتێك چاوەڕێی خۆشی دەکات چونکە شیعەش لای خۆی هەیەو چاوەڕێی فرسەتێکن و هەروا نایەڵن دانیشێت ، بۆ ئەم رێکەوتنەش صالح هەبرەی گەورە سەرکردایەتی حوسی سەردانی لەندەن و ریازی کرد بەنهێنی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی ئیستیخباراتی سعودی بەندەری کوڕی

سوڵتان . ئەندازیاری ئەم ڕێکەوتنەش سەفیری یەمەن بوو لە ئیمارات (ئەحمەدی کوڕی عەلی عەبدوڵا ساڵح)ی سەرۆکی پێشووی یەمەن .

بەڕاستی پیلانی ناحەزانی ئیسلام کێو لەبن دێنێ بەلاّم دڵنیاشین کە پیلانی خراپ بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوەو ئەم دونیایە خوایەکی هەیە کەستەم قبوڵ ناکات لەکەس ، سعودیەکان دەڵێن: ئەوەپلانێکی ئیستراتیجیەو بەوردی دیراسەمان کردووە ، قورئانیش دەفەرموێت:

(اسْتِكْبَارًا فِي الْأَرْضِ وَمَكْرَ السَّيِّئِ ۚ وَلَا يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِ ۚ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ الْأَوَّلِينَ ۚ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا ۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا (آية ٤٣ ) سورة فاطر.



**کاتێك دینداری ئەبێتە بازرگانی:**



ئیماراتیەکان بێتاقەتن لەوەی حکومەتەکەیان جنسیەی داوە بە مەلایەکی ئەردەنی کەناوی وەسیم یوسفەو تەمەنی ٣٣ ساڵەوکردویانە بەوتاربێژی مزگەوتی شێخ زاید ، لەبەرئەوەی قسە بەئیخوان دەڵێت .لەکاتێکدا کە چەند ئیخوانی ئیماراتی لە بەندیخانەدان و چەندی تریش سەحبی جنسیەیان لێکردون. .

ئەمە بێجگە لەوەی پەڕاوەکانی ئیخوان و تاریق سوەیدان و تەنانەت وێنەشیان بەهەرکەس بێت دەیگرن و لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکەن .

**شێخ ئەسعەدە فەندی :**



وێنەی (شێخ ئەسعەدە فەندی ئەربیلیی) لە کاتی دەستگیرکردنی لە لایەن (کەمالییەکان)ی داروودەستەی ئەتاتورك. شێخ محمد ئەسعەد فەندی، زانا و شاعیرێکی پایەدار بوو، چەند کتێبێکی لە شەریعەت و تەسەووف نووسیوە، هەروەها بە زمانەکانی کوردی و، فارسی و، تورکی و، عەرەبی.. هۆنراوەی عیرفانیی و غەزەلیاتیی هەن.

ئەو زاتە ساڵی ١٨٤٨لە هەولێر لە دایکبووە، حکومەتی ئەتاتورك پاش ئەوەی ـ شێخ علی ـ کوڕی بە تۆمەتی بەشداریی لە شۆرشی ـ شێخ سەعیدی پیران ـ لە سێدارە دەدات، لەبەر تەمەن زۆریی شێخ ئەسعەد، فەرمانی سێدارەکەی ئەو بۆ بەندیخانەی هەمیشەیی دادەبەزێنێت، ساڵی ١٩٣١ لە زینداندا وەفات دەکات و، هەر لە تورکیاش لە گۆڕستانی "مەنەمەن" ی ئەزمیر نێژراوە. شێخ ئەسعد

شێخی تەریقەتی نەقشەبەندیی بووە و، چەندان موریدی هەبووە و، ئێستەش نەوەکانی لە هەولێر ماون . ژیاننامە و شیعر و کتێبەکانی لە سەرچاوەکان تۆمارکراون.

نمونەی پارچەك لە شیعرەکانی:

ئەی شەمـــعی شەبستانی من، ئـەی نـووری درەخشان
پەروانە ســــــیفەت، جان بە جەمــــــاڵی تـۆ فیدابی
مومکین نیە ئەســــڵەن نە لە شاهــــی نە لە شـــادی
زەوقی کە لە دەرگاهــــی لە راهــــــی تۆ پـەیابی
باکی نیە قـــــــوربان، نە لە کــــوفر و نە لە ئیمان
دێوانەیی زوڵفی تــــۆ کە سەرمەســــــتی لیقابـــی

(پەیجی عبدالله عالایی)

**ئەندازیاری پزیشك دكتۆر وەلید فتێحی :**

ساڵی ١٩٦٤ لە جەدە لەدایکبووەو ئەحمەد حەسەن فتێحی باوکی خاوەنی کۆمپانیای فتێحی جیهانییەکە بازرگانی ئاڵتون و موجەوهەرات دەکەن ، مامیشی حەمزە فتێحی دامەزرێنەری نادی ئیتحادی سعودیە.

دکتۆر وەلید ژنی هێناوەو پێنج مناڵی هەیە .

خوێندنی سەرەتایی وئامادەیی تەواو دەکات و یەکەم دەبێت لەسەر هەموو سعودیە. پاشان ئەچێ بۆ زانکۆی جۆرج واشنتۆن و بەپلەی یەکەم کۆلێژی ئەندازیاری پیشەسازی تەواودەکات و

دەیویست بە سەرمایەکەی باوکی کارگەی پیشەسازی بکاتەوە لە سعودیە ، بەڵام قەدەری خوا ڕێڕەوی ژیانی بۆ گۆڕی بەوەی کەباوکی داوای لێکرد ببێتە پزیشك وخەوێکیشی بینی بە حەزرەتی عیساوە (سەلامی خوای لێبێت) کە دەستی ڕاستی هێنابوو بەسنگیدا .. ئەو شەوەی خەوەکەی بینی بۆ بەیانیەکەی بە فڕۆکە چوو بۆ فلۆریدا بۆلای دکتۆر ئەحمەدی قازی کە پسپۆڕە لە نەشتەرگەری دڵداو داوای لێکدانەوەی خەوەکەی لێکرد ، ئەویش بەوە بۆی لێکدایەوە کەبچێت کۆلێژی پزیشکی بخوێنێت ، چونکە خوا چارەسەری نەخۆشی بە عیسا کردووە.

دکتۆر وەلید کۆلێژی ئەندازیاری تەواوکردو چوو بۆلای عەمیدی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی جۆرج واشنتۆن کەپێشتریش فۆرمی وەرگرتنی پڕکردبۆوەو ڕەزامەندبوون پزیشکی بخوێنێت وەك دواتر باسی دەکەین ، خەوەکەی بۆ گێڕایەوە ، ئەویش وتی:پێم خۆشە حەزرەتی عیسا تەزکیەی کردوویت و ڕێنمایی کردوویت .

دکتۆر وەلید کۆلێژی پزیشکی بەیەکەمی تەواوکردودکتۆراشی هێنا ،بوو بەیەکەم قوتابی سعودی کەهەڵگری ئەو بڕوانامەیەی ئەمریکا بێت ، ئنجا چووە لای عەمیدی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی هارفارد و خەوەکەی بۆ گێڕایەوە ئەویش هەمان شتی پێوت و قبوڵی کردو بووە زەمیلیان و مەشقی کرد لە خەستەخانەکانیان، ئنجا بۆردی

تەخەصوصی هێنا لەنەخۆشی هەناو داو هەروەها بۆردیشی هێنا لە (غودەدی صماء و شەکرەدا ).

ئنجا بووە موعید لەزانکۆو خەلاّتی باشترین موعیدیان دایە لە ساڵی ١٩٩٣دا . لەساڵی ١٩٩٩ تا ساڵی ٢٠٠٢مامۆستا بوو لەکۆلێژی پزیشکی زانکۆی هارفارد .هەروەها ناوبراوماستەریشی هێنا لە صحەی عامە(لە ئیدارەو قانونی طبي)دا.

ساڵی ١٩٩١پەڕاوی (صناعة الحياة) ی مامۆستا راشید دەخوێنێتەوەو زۆر کاری تێدەکات و داوا لەباوکی دەکات کەپارچە زەویەك بکڕێت لەجەددە تابیکەن بە خەستەخانەیەکی گەورە ، باوکیشی زەویەکی باشی بەنرخێکی هەرزان دەستدەکەوێت بەهۆی شەڕی کەنداوەوە ، پاشان کەوەزعەکە ئاسایی دەبێتەوە نرخەکەی دەقات بەرز دەبێتەوە .

ئنجا ئەچێت بۆلای بەڕێوەبەری خەستەخانەکانی (کلفلند کلینك)کە بەناوبانگە بەنەشتەرگەری دڵ وبەڕێوەبەرەکەش باشترین نوژداری دڵە ، داوای لێدەکات کە بەشداربن لە خەستەخانەکەیدا ، ئەویش دەڵێت :ئێمە بەرنامەمان وایە شەریکی ناکەین و پێش چەند رۆژێك داوایەکی وامان دایە دواوە کە لە ئیمارەیەکی عەرەبیەوە هاتبوون و دیاربوو هەموو مەبەستیان پارەو قازانج بوو ، بەلاّم تۆ وا هەستدەکەم لەوانە نەبیت و مەبەستت خێری خەڵکی بێت ، بۆیە بەشداردەبین لە خەستەخانەکەتانداومن زۆر رێزی دینەکەتانم لایە لەو

کاتەوە کە خوێندومەتەوە پێغەمبەرەکەتان فەرمانی داوە لەگەڵ هاتنی قیامەتیشدا ئەگەر فەسیلەیەکتان بەدەستەوە بێت بینێژن .

ئەزانم کەئاینەکەتان ئاینی گەشەپێدان و بەرهەمهێنانە .جا من رازیم ناوی (کلفلندکلینك ) لەگەڵ ناوی (المرکزالطبی الدولی)ەکەی خۆتدا دابنێیت و هەموو هاوکارییەکت دەکەین .

دکتۆر وەلید زۆردڵی بەو تەوفیقەی خوا خۆش دەبێت و دێتەوە لە جەددە بە دوورۆژ شەش دەوڵەمەند قەناعەت پێدەکات ببنە شەریکی .

ئنجا لەگەڵ خەزوریا کە ئەندازیارێکی تەلارسازی بەناوبانگەو ناوی سامی عەنقاویەو ئەمینداری کەلەپووری عیمارەی مەککەو جەددەیە ، تەصمیمێکی زۆر نایاب بۆ خەستەخانەکە دەکەن ،(کە نایابترین بینای ئەصیلی ئیسلامی میعماری مۆدێرنە بەلای مامۆستا راشیدەوە لەهەموو جەزیرەی عەرەبیدا) .

خەستەخانەکەیان حەوت قاتەو بەردی زۆر تیابەکارهاتووە، تەنانەت بۆ مزگەوتی خەستەخانەکە لە قاتی خوارەوە بۆ بەرەکەت بەردیان لە قودسی شەریفەوە بۆ هێنا .ناوخەستەخانەکەش داروتەختەی گرانبەهای تیابەکارهاتووە بۆ دیکۆرو هۆڵی پێشوازی و مەمەڕەکانیش بەخەتی (ثلث) نەخشێندراون .

دروشمی خەستەخانەی (المرکزالطبی الدولی)پێنج هیلالە کە لە تاقێکدایە وسێ هیلالی مەبەست گرنگی دانە بە رۆح و لاشەو عەقڵ ،

که لەشێوەی درەختێکدایەو دوانیش بوون به رەگ بۆ ئەو درەختە ، کەئەمەش هەمووی تەعبیرە بۆ ئەو ئایەتەی قورئان (أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ (٢٤) تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ)ئیبراهیم .

شایانی باسە دکتۆر ئەندامی مەجلیسی دار الفؤادة لەمیسرو بەشداری بەردەوامی هەیە لەکۆنفرانسە پزیشکیەکانی ئەمریکاو ولاَتانی ترداو رەئیس تەحریری گۆڤاری (صحتك) ی سعودیەیەو بەرنامەی تەلەفزیۆنی هەیە وەك (ومحياى) و ، هەروەها وتاری هەفتانەی هەیە لە رۆژنامەی (عكاظ) ی سعودی بەناوی (آفاق من الحياة) .




www.alriyadh.com






International Medical Center

المركز الطبي الدولي
International Medical Center



**پەڕاوی ئاسۆکان لە ژیانەوە:**


لەم پەڕاوەدا کە کۆکراوەی وتارەکانیەتی داوا لە موسڵمان دەکات کەبیربکەنەوە لە بەڵگەو نیشانەکانی خوا لە بوونەوەرداوسوود لەزانست وەربگرن بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی.

لەوتاری (فثلث لطعامه )دا دەڵێت : پەیمانگای تەندروستی جیهانی لە واشنتۆن پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر گەیشتونەتە ئەوەی کە کەمکردنەوەی سوعراتی حەراری و کەمخواردن پەیوەندیان هەیە بەدرەنگ پیربوونەوە،کەئەمەش راستیەتی فەرموودەی خۆشەویستمان دەسەلمێنێت (د.خ).

هەروەها **لە وتاری (سنريهم آياتنا فى الآفاق وفي أنفسهم) دا دەڵێت**:سەدان ساڵە ئەم پرسیارە زانایانی سەرقاڵ کردووە ، ئایا ئیمان و نوێژکردن کاریگەرییان هەیە لەسەر تەندروستی و جەستەی مرۆڤ ؟؟ لێکۆڵینەوەکان رۆژ بەڕۆژ جەخت دەکەنە سەرئەوەی کە بەڵێ ئیمان و نوێژکردن کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ .

**لەوتاری (خوا بە پەپولە پەندمان دائەدات )دا دەڵێت**: زانست لەم بیست ساڵەی دواییدا گەیشتۆتە ئەو بیردۆزەی کە جوڵاندنی باڵەکانی پەپولەیەك کەچەند کەمە لە چاوی مرۆڤدا کاریگەری دەبێت لەسەر زریانی کارۆلینا، بۆیە دەبێت هیچ شتێك بەکەم نەزانین ، هەربۆیە زەردەخەنە سەدەقەیەو پاداشتی لەسەر وەردەگیرێت و مسقاڵە زەڕەش ون نابێت و حساب و کیتابی لەسەر دەکرێت و پاداشتی هەیە.

# گەشتی ژیان




**لە پێشەکی بەرگی دووەمی ئەم کتێبەشیدا** دەڵێت :

وا بەرگی دووەم پاش دەساڵێك لە بەرگی یەکەم کەوتەبەردەست و کۆمەڵێك وتار لەخۆی دەگرێت کە لە رۆژنامە عەرەبیەکاندا بلاّوم کردونەتەوە ، کەویستوومە خشتیّ دابنێم لە بینای هەستانەوەی کۆمەڵگەی ئیسلامی و هەوڵمداوە قەزییەك و پەیامدارییەك لای تاکە تاکەی کۆمەڵگە دروست بکەم و نەخۆشیە کۆمەلاّیەتیەکان دیاری بکەم و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزمەوە .هەروەها هەوڵمداوە گۆمی ئەو سلبیاتانە بشەڵەقێنم کەبوونەتە رێگر لەرێی پێشکەوتنی ئومەتەکەمدا کەشایانی بووە بیگاتیّ .

گەڕاوم بەدوای سەرمەشق و ژیانێکدا کەپڕبێت لەئیمان ویستومە خوێندنەوەیەك بکەم بۆ بەرنامەی تێروتەسەلی ئیسلام و وردبمەوە لە

واقیع تا بتوانین ئەدای پەیامەکەمان بکەین لە خەلافەتی زەوی و ئاوەدانکردنەوەیدا و کارێك بکەین تا قیبلەی ژیان و قیبلەی نوێژمان یەك قیبلە بێت .لەخوا دەپاڕێمەوە وشەکانم بکاتە نورو رۆشنایی و ریَ ڕۆشنکەرەوە تا حەقیقەت لەگەلَ واقیعدا بگونجێت .

**دکتۆر وەلید لە وتاری وێستگەکانی ژیانمدا دەڵێت :** باوکم بازرگانی ئاڵتون و موجەوهەراتی دەکرد، لە حەوت ساڵیەوە یارمەتیم دەدا، ڕۆژێك باوکم سەرقالَ بوو، شتێکم بۆ ئافرەتێك کێشانە کرد، تۆزێکی مابوو بە لای خۆماندا دامشکاند.

دوایی کە بە باوکم وت: زۆر لۆمەی کردم و وتی: هەقی ئێمە بچێت بە لای کڕیاردا باشترە نەك هەقی ئەو بێت بە لاماندا، ئەوە بوو بە وانەیەکی گەورە بۆم. ئەمەش ڕێنمایی قورئانە کە دەفەرموێت: (و لا تطغوا في الميزان) الرحمان.

من زۆر کاریگەری دایکیشم لەسەرە کە نمونەی حیکمەت و رۆشنبیریە و لەوەوە حەزم لە خوێندنەوە کردووە.

**چۆن نیەتمان دروست بکەین**

ئەمەویَ بە باسی نیەت دەست پێبکەم کە گرنگترین شتە لە ژیاندا، بە لای منەوە مرۆڤ وا بەستەی دەورروبەریەتی و زۆر دەستی تیا نیە و(موسەیەرە) و تەنها لە نیەتدا (موخەیەر)ە و لەسەر نیەت وئیرادەشی حسابی لە گەڵ دەکریت.

چۆن نیەتمان دروست بکەین ،نیەت تەنها لە ئیسلامدا نیە، ئەوەتا لای کەسانی تری بیانیش گرنگی پێدراوە و باسی لێوە کراوە، نیەت نیزامێکی بونەوەرە خوا دایناوەکە بەشێکە لە بەها بالآکان، وەك ڕەوشت و خوی جوان و ڕاستگۆیی و ئەمانەت پارێزی و...هتد.

عومەر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) من تۆم خۆشتر دەوێت لە هەموو شتێك تەنها لە نەفسی خۆم نەبێت، فەرمووی: جا ئیمان و بڕوات کامیل نابێت تا منت لە نەفسی خۆت خۆشتر نەوێت، عومەر ماوەیەك بیری کردەوە، بیری لە ئاخیرەتی کردەوە و نیەتی ڕاستکردەوە و وتی: ئێستا تۆم لەخۆم خۆشتر دەوێت، خۆشەویستیش(د.خ) فەرموی: ئا ئێستا ئیمانت تەواوە ئەی عومەر.

ئێمە فێر نەبووین چۆن نیەتمان دروست بکەین.

لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە باوکم پێی دەوتم: تۆ بۆ ئەوە باشی ببیتە پارێزەر، منیش گەورەبووم لەسەر ئەوە و نیەتم هێنابوو دکتۆرا بێنم لە یاسای نیودەوڵەتی، هەروەها دکتۆراش بێنم لە شەریعەدا تا بتوانم دیفاع لە ئیسلام بکەم لە مەحفەلی دەولیدا.چونکە کەسێك نەبوو لە هەردوو بوارەکەدا پسپۆر بێت و بەو کارە هەستێت.

چوومە ئەمریکا پاش ئەوەی یەکەمی هەموو وڵاتی سعودیە بووم لە سانەویدا، تا یاسا بخوێنم، ئەبوایە بەکالۆریۆسێکی ترم هەبوایە، بۆیە ئەندازیاری پیشەسازیم هەڵبژارد، باوکم هات بۆ سەردانی خزمێکمان بۆ جۆرج واشنتۆن لە ئەمریکا زەبحە لێی دابوو، لەگەڵما لە کافتریا

دانیشت و وتی: من کاتی خۆی حەزم دەکرد ببمە دکتۆر،بەڵام لەبەر ئەوەی باوکم چاوی کویربوو، ناچار بووم لە بازرگانیدا هاوکاری بکەم و حەزەکەم نەهاتەدی.

من لای نەخۆش بووم بینیومە چەند ڕەحمەت بوویی دایك و باوکی پزیشك دەکەن، من بۆ حاڵی خۆم گریام کە کەس نیە ڕەحمەت بوویی من بکات، جا بۆیە پێم خۆشە تۆ ببیتە پزیشك.

منیش وتم: تازە من بڕیاری خۆم داوە و یاسای نێودەوڵەتی و شەریعە دەخوێنم تا بەرگری لە ئیسلام بکەم، گەر زۆریش حەزت لە پزیشکیە با خوشکێ یان برایەکی ترم ئەو کارە بکەن و حەزەکەت بهێننە دی. ئنجا لە ئەمریکاش تا ئێستا قوتابی سعودیان وەرنەگرتووە لە بواری پزیشکیدا .

### قەدەری خوا

دواتر وەك وەفایەك بۆ باوکم چووم فۆرمی کۆلێژی پزیشکیم وەرگرت و بە قەڵەمی ڕەصاص پڕم کردەوە بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆم نەی خوێننەوە و وەرنەگیرێم ، کەچی سبحان الله تەلەفونم بۆ هات لە سەرۆکی زانکۆکەوە، کە ڕازیین بەوەی وەرم بگرن، منیش وتم ئاخر من ئەندازیاری دەخوێنم.

وتی: باشتر کە تەواوت کرد وەرت دەگرین (چونکە بۆ پزیشکی ئەبێ پێشتر بەکالۆریۆست هەبێت لە بوارێکی تریش دا) ، وتم! ئاخر من سعودیم، وتی قەیناکە ئێمە جیاوازی لە نێوان هیچ گەل و

نەتەوەیەکدا ناکەین، ئیتر زانیم کە خوا دەیەوێت ڕووم وەرگێڕم بەرەو پزیشکی، زانیم خوا دەرگایەکی لێکردومەتەوە و نامەیەکی بۆ ناردووم، بەتایبەت کەخەوەکەشم بینی بە عیساوە(سەلامی خوای لێبێت) بۆیە حەزی یاسام لە دڵی خۆمدا سەربڕی، هەروەك چۆن ئیبراهم سەلامی خوای لێبێت خۆشەویستی ئیسماعیلی لەدڵیدا سەربڕی.

حیکمەتێکی ئیبن عطاء هەیە ئنجا تێیگەشتم کە دەڵێ: (سوابق الهمم لا تخرق اسوار الاقدار)... هیممەت و ویستی پێش وەختت دیواروشورای قەدەر نابڕێت وقەدەری تۆ دێتە دی ئەگەر بە قەڵەمی ڕەصاصیش بینوسی. هەروەها (بەکارت دەهێنێ لەوەی کە مەبەستتە لە ڕێگایەکەوە بە شێوەیەك کە خۆی دەیزانێت). (یستعملك فیما تنشد من غایة بطریقته سبحانه) .

هەروەها حیکمەتێکی تری (لا تطلب ان یستخرجك من حالة لیستعملك فیما سواها، فلو اراد لاستعملك من غیر اخراج ) .داوامەکە لە حاڵێك دەرت بهێنێت بۆ ئەوەی لە شتێکی تردا بەکارت بهێنێت ، ئەگەر ئیرادەی لەسەربێت و بیەوێت هەر لەوحاڵەی خۆتداو بێ دەرهێنان بەکارت دەهێنێت .

**یانزەی سێپتەمبەر:**

بوومە پزیشك و لە عیادەکەم نەخۆشم دەبینی کە کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر قەوما، وتم: هەرچیمان کرد بۆ ئیسلام بەفیڕۆچوو،

پەنجا ساڵ بانگەواز هاتە دواوە، کەچی سبحان الله خێری پێوەبوو، موسوڵمانبوونی ئەمریکیەکان چەندقات زیادی کرد.

لە ویلایەتەکەی منی لێدەژیام (٥٠) هەزار موسڵمان هەبوو، دوای سێ ڕۆژ لەو کارەساتە بوومە دەمڕاستیان و نوێنەریان.

لەگەڵ سێ کەسی تردا لە سەر تەلەفیزیۆن بەشداری مێزگردێکم کرد، یەکێکیان لە شارەزایانی جولەکە بوو، یەکێکی تریشیان مەسیحی بوو، من وەك پزیشکێك و وەك موسوڵمانێك باسی هەقی موسوڵمانانم کرد وەك مرۆڤ ، هەرچەند ئەوان یەکێکیان پسپۆڕ بوو لە مێژوودا ویەکێکیشیان لە یاسادا، سوپاس بۆ خوا بەڕەم لە ژێر پێیاندا دەرهێنا بە شایەتی زۆر کەس لەوانەی سەیری بەرنامەکەیان کردبوو.

سەردانی کەنیسەکانمان دەکرد و باسی ئیسلاممان بۆ دەکردن، لە گەورەترین کەنیسەی ( بۆستن ) قورئانم دەخوێند بە تەجویدەوە کە عومدەی شار ئامادەبووبوو، زۆربەی ئامادەبوان گریان، بەڵام داخەکەم پێنج کەناڵی تەلەفزۆنی ئامادە بوون و هیچیان ئەوەیان نەگواستەوە.

دەرگای مزگەوتەکانمان خستە سەر پشت تاکێ حەزدەکات بێت گوێی لە پەیامی خوا بێت، جولەکەکان زۆریان پێناخۆشبوو، خەڵکێکی زۆر موسوڵمانبوون کاتێك ڕاستییان بۆ دەرکەوت.

## ئافرەتێکی مەزن

ئافرەتێکی داپۆشراو کە باوکی گاور و دایکی جولەکە بوو، موسوڵمان بووبوو ئەویش ئامادەی کۆڕەکان دەبوو لەگەڵما لە جێی

هەزار پیاوبوو، لەوەوە فێربووم چۆن وەڵام بدەمەوە،بە تایبەتی کاتێك پرسیاریان لێ دەکرد بۆ خۆداپۆشین هەیە لە ئیسلامدا، ئەویش بەوەڵامێکی کورت دەمکوتی دەکردن، دەیووت: هەموو وێنەو پەیکەری مەریەمتان بینیوەکە لە هەموویاندا داپۆشراوە و لەچکی بە سەرەوەیە دەزانن بۆ ؟

دەیانوت: چونکە نیشانەی پاکیەتیە، ئەویش دەیووت: دە لە ئیسلامیشدا لەچك و خۆداپۆشین هەر بۆ ئەوەیە.

پاش دە ڕۆژ لە ١١ی سێپتەمبەر دوو جولەکە لە ئسکلۆپیدیاوە ئەوەیان دەرهێنابوو کە ئیسلام ئاینێکی ترسێنەر و تۆقێنەرە و (محمد) پێغەمبەر جوولەکەی خەیبەری لەناو بردوە.

بەڕاستی ئەبڵەق بووم نەمزانی چۆن وەڵامیان بدەمەوە، ئێمە کە ئومەتی (اقرا)ین ناخوێنینەوە، کەچمان ئاگامان لێنیە ئاوا باسی ئیسلام کراوە، بەڵام چونکە نیەتم بۆ خوا بوو، کە هۆکارە مادیەکانم بەدەستەوە نەما خوا فریام کەوت!

یەکێ لە ئامادەبوان پرۆفیسۆرێکی فەڵەستینی مەسیحی بوو بە ناوی مونیر پاشا کە تووشی خەمۆکی دەبوو دەچوو بۆ مزگەوت و لەگەڵ موسوڵمانان نوێژی دەکرد!

وتی: ڕوخسەتم دەدەیت من وەڵامیان بدەمەوە؟

منیش لە خوام دەویست تا هیچ نەبێت بیانخلافێنێ تا بیرێکی لێدەکەمەوە و وەڵامێك حازر دەکەم، وتم :بەڵێ فەرموو!

وتی: ئێوە چین؟ وتیان: جولەکەین !

وتی: ئەو موسوڵمانانەی دەورم نەبوونایە ئێمەی مەسیحی لەسەر خراپەکاریتان لە ئەوروپادا تەواومان دەکردن،ئێوەی جوولەکە تەنها لەسایەی شارستانیەتی ئیسلامیدا حەساونەتەوە.

بەم قسانەی پرۆفیسۆر مونیر ڕزگارم بوو،جا هەر پرسیارێکی قورسی تریان بکردایە ئەمووت:جەنابی پرۆفیسۆر تۆ هیچت نیە بیڵێی؟!

ئا لەوێدا تێگەشتم کەلەوکاتەی زۆر لاواز و بێ هێزیت دەکرێت زۆر بەهێز بیت و کارەکە هەمووی لای خواوەیە.

لە کۆبوونەوەیەکی تریشدا کە زۆربەیان قازی و حاکم بوون، باسی ئیسلامم بۆکردن،خوا شاهیدە زۆریان گریان کە ئەو ئیعجازانەیان دەبینی لە ئیسلامدا بەتایبەت لەبواری کۆرپەلە ناسیدا.

(کیث مۆر)لە دوا پەڕاویدا دەڵێت: بڕوادەکەن یان نا،باسکردنی قۆناغەکانی کۆرپەلە لەقورئان وفەرموودە دەتانخاتە بەر دوو هەڵبژاردن ، یان ئەوەتا ئەم قورئانەلەخواوەیە،یان ئەوەتا (محمد) لە ژێر خەیمەکەیدا مایکرۆسکۆبی ئەلکترۆنی هەبووە!

(کن للـه کما یحب ... یکن لك اکثر مما تحب ).

(بەرژەوەندی تایبەتی هەیەوبەرژەوەندی گشتی ،کاربکە بۆ غەیری خۆت خوای گەورە کەسانێکت بۆ دەنێرێ کارت بۆ بکەن ).

.

# گەشتی ژیان

**چیرۆکی مزگەوتەکە :**

ئوسامه قەندیل کە خەڵکی عومانە لەگەڵ سامی الغزالی کە میصرییە پێش ١٢ ساڵ لە ویلایەتەکەی من بوون، لە شووقەکەی ئەودا چەند کەسێك دانیشتین و بڕیارماندا خانوویەك بکڕین و بیکەین بەمزگەوت ، خوا ئاسانی کردو بە یەك ساڵ پڕ بوو لەدەریشەوە جێ نەبوو بۆ نوێژ کردن.ئەمەش حیکمەتی تری ئیبن عگاو ە کەدەڵێت :

(اذا اردت ان تعرف قدرك عنده، فانظر في ماذا يقيمك). ئەگەر ویستت بزانی قەدرت لای خوا چەندە ، سەیرکە بزانە لەچیدا بەکارت دەهێنێت .هەروەها (اذا اردت ان يكون لك عز لا يفنى، فلا تستعزن بعز يفنى).ئەگەر ویستت بەرزییەکی نەبڕاوەت دەست بکەوێت ، پەنامەبە بۆ عیزەتێك کە نامێنێت ) .. قورئان دەفەرموێت(مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعًا) ١٠ فاطر.

**بنکەی ئیسلامی بۆستن:**

بووم بەئیمام و وتاربێژی مزگەوتەکە و پاشان بیرمان کردەوە گەورەترین بنکەی شارستانیەتی ئیسلامی دروست بکەین،کە قوتابخانە و کتێبخانەو مزگەوت لەخۆ بگرێت لەشاری(بۆستن).

زەوییەکی زۆر باشمان دۆزییەوە لەشوێنێکی ئیستراتیجیدا لە بۆستن، نرخەی (٤)ملیۆن دۆلار بوو بە بێنەو بەرەیەکی زۆر توانیمان نرخەکەی بهێنینە سەر ٤٠٠هەزار دۆلار وکارئاسانیان بۆ کردین لەبەر کتێبخانەو قوتابخانەکەی کەسوودی گشتی تیایە.

عومدەی بۆستن زۆر هاوکاری کردین و خوا دامەزراوی کرد، ئەویش تاقە عومدەیە شانزە ساڵە لە پۆستەکەیدا ماوەتەوە.

بەحسابێکی سەرپێی نزیکەی ١٠ ملیۆن دۆلاری دەویست، زۆر کەس بە شێتیان دەزانین، خوا سەربازێکی نەناسراوی بۆناردم قسەیەکی کرد زۆر کاری تێکردم کەوتی: تۆ سەیری میژوو بکە مزگەوتێك هەیە دەستی پیێ کرابێت و تەواو نەبووبێت،ڕاستی کرد هەرچی گەڕام مزگەوتێك نەبووە لە مێژوودا تەواو نەکرابێت.

لەسەر خوا بەردی بناعەمان دانا و بێجگە لە عومدەی شار چەند منداڵێکیشمان بانگکرد بەشداربن، چونکە دەمانزانی دە ساڵی دەوێت و ئەو بنکەیە بۆ نەوەی نویێ دەبێت.

لەو دە ساڵەدا زۆرمان لەسەر نوسراو زۆر دژایەتی کراین، خوای گەورە سەری خستین بەسەر هەموویدا و مزگەوتەکە تەواو بوو، کیث ئەلیسۆن یەکەم کۆنگریس مانی موسڵمانی ئەمریکی لەگەڵ عومدەی شار و ئەندازیاری تەلارسازی سامی عەنقاوی کە نەخشەی کێشابوو لەگەڵ میوانێکی زۆردا ئامادەی کردنەوەی بوون.

شێخ صوهەیی ئەمریکیش بووە ئیمام و خەتیبی مەرکەزەکە، ڕۆژێك گەنجێکی میسری هەستابوو هەندێ قسەی کردبوو، لە قسەکانیدا وتبووی ( باللہ علیك یاشیخ )ئەویش بردبوویە ژوورەکەی خۆی و پێی وتبوو تکایە ئیعرابی (بـ)م بۆ بکە لە (باللـه)دا ئەویش وتبووی جا ئەوە پەیوەندی چیە بە باسەکەوە ؟

وتی:هەرحەزدەکەم بۆم ئیعراب بکەی ؟! وتبووی!نازانم.

وتی:دەبڕۆ جارێ فێرببە ئنجا وەرە قسە بکە.

جا بەشی دووەمی پڕۆژەکەمان کە قوتابخانەکەیە هیوامان بەخوا زۆرە کە ئەویش لەڕێی خێرخوازانەوە تەواو بکرێت.

**حیکمەتێکی تر (اجتهادك في ما ضُمِن لك، و تقصيرك فيما طُلِب منك، دليل على انطماس البصيرة منك ) خوا داوای کاری سبەینێت لێ ناکات تۆ داوای ڕزقی سبەینێ و تا مردنت دەکەیت.**

## گوێ بۆدەنگی ناخی خۆت بگرە

ئێمە لەمەدا کێشەمان هەیە.ئێمە پێویستمان بە کەسێکە وەك وێڵت دیزنی ،کەکاری هونەریمان بۆ بکات،چەند منداڵی بەهرەدار بەهرەکانیانمان خنکاند و توانای داهێنانمان تیا نەهێشتن، بەوەی برۆ ببە بە دکتۆر و ئەندازیار پاشەڕۆژت باشتر دەبێت،کە ڕەنگە ئەو دوو کارە بۆ ئەم نەگونجێ.

پەیامدار بە و مەیەڵە تواناکانت پەرت و بڵاوبێت ،جیاوازی لەیزەر و لایتی ئاسایی چیە، لەیزەر تیشکەکەی چڕبۆتەوە بۆیە کار لە بەردیش دەکات.

من هەمیشە دەڵێم گەر بە یەکێکمان بوترێت لە بیابانێکدا، کاتژمێرت دەوێت یان قیبلەنما، هەموو کاتژمێر هەڵدەبژێرین، کە لە ڕاستیدا پێویستمان بە قیبلەنمایە لە بیاباندا تا ڕێڕەوی خۆمان دیاری بکەین .

**معیاری تەندروستی ئیسلامی**

پاش بیست ساڵ ژیان لە ئەمەریکا نەمدەویست بگەڕێمەوە سعودیە بەڵام ناچار بووم وەك موسوڵمانێك وەك خاوەن پەیامێك بگەڕێمەوەوكارێك بکەم تا ئێمەش وەك وڵاتان (معیاری تەندروستی ) خۆمان هەبێت.

ئەوە ئەمریکا، ئەوە بەریتانیا ،تەنانەت ئوستورالیاش هەریەکەیان بۆخۆیان (معیاری تەندروستی) تایبەت بە خۆیان هەیە.

بۆ ئەمەش ساڵی **١٩٩١** داوام لە باوکم کرد کە پارچە زەویەکی گەورە لە جەددە بکڕێت لە شوێنێکی باشدا، ئەوە بوو بار و زروفی شەڕی کەنداو وای کرد کە زەویەکی دەستکەوێت بە نرخێك دوای تەواوبونی جەنگەکە دەقات نرخی بەرزبۆوە.

**چوار ساڵ و نیو لەگەڵ خەزورمدا کە ئەندازیاری تەلارسازییە نەخشەمان بۆ دانا** و دیراسەمان کرد، باوکم هەر دەیپرسی چیتان کرد؟! شەریکەکانیشمان پەلەیان بوو، بەڵام سوپاس بۆ خوا کە کەوتینە جێبەجێکردن لەجیاتی پێنج ساڵ کە دەیوویست بۆ تەواوکردن بە دوو ساڵ تەواومان کرد.

**شیعارەکەشمان پێنج هیلالە کە ڕەمزی ئیسلامە**

سیانیان (شەجەرەی موبارەکە) پێکدێن و دوانیشیان ئەبن بە ڕەگ بۆی و بە ناخی زەویدا چونەتە خوارەوە، ئەم درەختەش تاقێك گرتویەتیە خۆی. ئێمە جوتیارین و لە خزمەت ئەو درەختە پیرۆزەداین

کە بەردەوام بە ئیزنی خوا بەرهەم ئەدات (و مثل كلمةطيبة كشجرة طيبة).

لەم پرۆژەیەدا کەس بۆ کەس و لەبەر خاتری کەس کارناکات، هەموو بۆ درەختەکە کار دەکەین و کارەکانمان بە هێز دەبن.

هودهود کاری بۆ (درەختی بانگەواز) دەکرد بۆیە هەرچەند سەلەیمان هەڕەشەی لێکردبوو کە سزای ئەدات لە بەرئەوەی دیار نەبوو، هیچ نەترساو زۆر بە جەسوری لە ڕویدا وتی: ( فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِ وَجِئْتُكَ مِنْ سَبَإٍ بِنَبَإٍ يَقِينٍ (٢٢)النمل) ئەوەی من دەیزانم تۆئاگات لێ ی نیە و لەگەڵ سەبەئەوە هەواڵێکی ڕاستم بۆهێناوی ...

ئەگەر کارکردن بۆخوا نەبێت جارێ ئەبێ ئەدەبی هودهود دا بدرێ کە چۆن ئاوا لە ڕووی پێغەمبەرێکدا قسەدەکات،بەڵام ئەم وەك سولەیمان (سەلامی خوای لێبێت) کار بۆ خوا دەکات بۆیە وا دەنگی دلێرە.

**هەموو دەتوانین سودمەند بین لە ناوی پیرۆزی خوا (الشافی)** و هەریەکەمان بەچی بۆمان دەکرێت مایەی شیفا بین، لە ئیسلامدا وشەیەکی خێر، تەنانەت زەرخەنەیەك خێر و چاکەن.

**هۆکارەکانی سەردەم**

هۆکارەکان زۆرن بۆ کارکردن لەسەر بڵاوکردنەوەی بەها باڵاکان، بەڵام بە داخەوە بەنە شارەزایی سی ساڵە بە فەتوای هەندێ زانا نەمانهێشت سوود لە گۆرانی و سروودی باش ببینرێت، نەمان

هێشت یەکێك وەك ( کات ستیڤنس) تواناکانی بخاتە کار لەو بوارەدوا خزمەت بکات، ئێستاش پیربووە چی بۆ دەکرێت؟ تا منالّەکانمانیان هەموو دزین و هەموو سەماعە لە گوێیاندایە و گوێ لە گۆرانی خراپ دەگرن لە مۆبایل و ئایپادەوە، چونکە ئێمە بەدیلمان بۆ پەیدا نەکردن.

بە سامی یوسفم وت وەرە گۆرانیەکم بۆ تۆماربکە لەسەر ئەم خەستەخانەیە دووساڵ چاوەڕێم کرد، قایل نەبوو، گوایە ئەوە پڕوپانگەندەیە بۆ خەستەخانەکەمان، دواتر کە هات وتم: هیچ قسە نەکەیت لە سێ سەعاتدا سێ جار گریا کە بە خەستەخانەکەدا گەڕاو واقیعەکەی بینی، زانی کە ئێمە پەیامدارین و کارێکی مەزن دەکەین، من گۆرانیەکم بۆ دانا، نەمئەزانی ئەوەشم لە باردایە، باشترین کامێرە و دەرهێنەرمان هێناو گۆرانی (هیلین)مان بەرهەمهێنا کە بۆ چەند زمان وەرگێڕاوە و باس لە ڕەوشت دەکات و باس لەوە دەکات چاکەبکەی دێتەوە ڕێت.

لە دوو هەفتەدا لە ئەنتەرنێت دوو ملیۆن و نیو کەس لایکی کرد و دە هەزار ئیمێڵ هات و خەڵکانێکی زۆر پێی باش بوون، هەبوو دەیویست خوی بکوژێ، هەبوو خراپ بوو لەگەڵ دایك و باوکیا، هەبوو بێ هیوا لە هەمووشتێ، زۆر لەوانە ژیانیان گۆڕا، بۆیە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی تەسویق هەڵیانبژاردین بە باشترین لە تەسویقی ڕەوشتدا.

## سەردەمی حیکمەت

ئەم سەردەمە سەردەمی حیکمەتە، سەردەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی و پەیوەندیەکان تەواو بوون ،ئەبێت لە سەردەمی خۆماندا بژین و بە حیکمەتەوە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر و پێشهاتەکاندا بکەین.

ئەو کەسانەمان پێویستە کە پێش زەمەنی خۆیان بکەون، کاتی خۆی (سێر تیم بریز ) کە دەیووت: بەرید نامێنێ و لە یەك کاتدا نامە بۆ هەزاران کەس دەنێریت وباسی ئەنتەرنێتی دەکرد، ئێمەش کە خاوەن بڕوانامەی باڵا بووین گاڵتەمان پێدەهات کەچی هەمووی هاتنە دی.

## ئیبن سینا

شانزە ساڵ بوو کەپەڕاوی داناوەو پەڕاوی ئەو تا ٥٠٠ ساڵیش لە ئەوروپا وەکو تاکە سەرچاوەی پزیشکی لە زانکۆکانیاندا دەخوێنرا.دواتر بۆ دوو سەدساڵ وەکو یەکێ لەسەرچاوەکان هەر سوودی لی دەبینرا.

ئیبن سینا باسی گرنگی دانی ئەکرد بە مرۆڤ کە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی زۆر پیویستی پێیەتی،ڕاستە بەشەر چووە سەرمانگ و کەشفی کرد بەڵام خۆی لی ون بووە.دەی ئێستا با کەسێك پەڕاوێك بنوسێ و بۆ دە ساڵ بخوێنرێ.

.

## بەڕاستی مزگەوت میحرابی ژیانە




ئیبن سینا زاناو قازی و پزیشکیش بووە هەندێك لایان سەیرە پزیشکێك وتار بدات،من دەڵێم زۆر ئاساییە چونکە میحرابی مزگەوت میحرابی هەموو ژیانە و ئەوەندەی خەڵك بەکاریگەری مزگەوت وازیان لە جگەرە خواردن هێناوە یەك لەسەر سەدی ئەوە بەهۆی (طب)ەوە وازیان لێنەهێناوە.چونکە بە بۆچوونی ئیسلام جگەرە دژی ٤ مقصدە لە مەقاصیدی ئیسلام.

ئەگەر ڕۆژئاوا ئەوەی ئێمەی دەبوو ،کەهەفتانە خەڵکی دەست لە کارو کاسپی و بەرژەوەندییەکانیان هەڵگرن و هەموو لە شوێنێکدا

کۆبنەوە خۆیان دەیانزانی چۆن سوودیان لێ وەردەگرت بۆ چاکسازی و بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگەکەیان.

**مەشق پێکردن**

ئێمە لە (مرکزی طبی دولی) دەمانەوێت ساڵی شەش هەزار کەس مەشق پێ بکەین لەسەر فریاکەوتنی خیرا ،بەڕاستی هەقە قوتابی کە دەرئەچێت لە سانەوی بەچاکی ئەمە فێربێت چونکە زۆر جار کە کارەساتێك ڕوودەدات نەشارەزایی ئەوانەی فریای لێقەوماوان دەکەون کارەکە ئەوەندەی تر ئاڵۆز دەکەن.

**ئەوەی خزمەتی خەڵکی بکات** لای خوا بەزایە ناچێت ، من ئیبراهیمی کوڕم یاری بەقایشی ئوتومبیلەکەمان کردبوو لەملی توند بوو بوو شوفێرەکەمان فریا کەوتبوو، تا گەیانیانە خەستەخانە بەهەموو حسابێك تەواو بوو بوو بەڵام خوانەیکوشت هەست دەکەم ئەوە پاداشتێکی خوایی بوو بۆ من.

**چیت بۆخۆت پێ خۆشە** بۆ براکەشت پێت خۆش بێت، هەر لەبەر ئەوە بوو کە بڕیارمدا خەستەخانەکەمان هەر ژوورەی یەك نەخۆشی تیا بێت ، سوپاس بۆ خوا ئێستا ئیجازە نادەن بە خەستەخانە لە سعودییە ئەگەر هەر ژوورێك بۆ نەخۆشێك نەبێت، ئێمە دەستپێشخەربووین لەمەدا. **لەهەندێ خەستەخانە منداڵ دەگۆڕدرێت،** کەئەمەش بۆخۆی کارەساتە، بۆیە بیرمانکردەوە لەبازنی ئەلکترۆنی کە لە دەستی دایکەکەو کۆرپەکەیدا بێت تا کەس نەتوانێت منداڵ بدزێت و

بیگۆڕێت.ئێستا وا لـه خەستەخانەیەکی مەدینەش دەیانەوێت وەك ئێمە ئەو کارە بکەن.

## متمانە لەکاردا مەسەلەیەکی گرنگە

ئێوە بیر بکەنەوە ، خوادەیزانی کە تەمەنی خۆشەویستمان ٦٣ساڵ دەبێت کەچی لـە ٤٠ ساڵیدا پەیامی بۆ نارد تا ئەو چل ساڵە (صادق الأمین)ی لێدەرچێت و متمانەی هەبێت لـەناو خەڵکدا، ئینجا تەنها ٢٣ ساڵی ویست بۆ ئەو هەموو کارە مەزنەی کە کردی.

من سوپاس بۆ خوا شەریکەکانم باشن هەر لـەسەرەتاوە پێموتون کە ماوەیەکمان دەوێت تا متمانەی خەڵك بەدەست بێنین.

هەرچی وتار ئەدرێت باس لـەوە دەکات چۆن سەرکردەیەکی سەرکەوتوو دەبیت کەس باس لـەوەناکات کە چۆن شوێنکەوتویەکی سەرکەوتوودەبیت.دیارە تا شوێنکەوتویەکی باش نەبیت سەرکردەیەکی باشت لیٚ دەرناچێت.

## مەزنترین شوێنکەوتە

تەنانەت پێغەمبەری خوا(د.خ) کە مەزنترین سەرکردەیە،مەزنترین شوێنکەوتەی وەحی بوو.ئینجا شوێنکەوتەی شورای هاوەڵانی بوو، لـە کاتێکدا ئەو پێویستی بە شوورا نەبوو بەڵام دەبێت لـەوەدا سەرمەشقمان بێت. لـەبەدردا هاوەڵێك شوێنەکەی دیاری کرد لـە خەندەقدا سەلمان پلانی چاڵهەڵکەندنی بۆ دانان .

لە ئوحودیشدا لەسەر ڕای زۆرینە ڕازی بوو بچێتە دەرەوەی شار بۆ ڕووبەڕووبوونەوە،لەکاتێکدا خۆی مانەوەی پێ باشتربوو لەناو مەدینەدا،ئینجا کە ئەو هەموو نارەحەتیەشیان بەسەرهات خوا لۆمەی دەرئەنجامەکەی نەکردن و لێیان خۆش بوو، چونکە یەکەمجاریان بوو ، پاشان هانی دانەوە لەسەر راوێژکردن و فەرمووی(وشاورهم فى الامر)

عومەری کوڕی خەتابیش کە موڵهەمی ئومەتە دائەبەزێ بۆ ڕای ئافرەتێك کە لەمزگەوتا پێی وت:تۆ بۆت نیە مارەیی ئافرەت دیاری بکەیت ، عومەر وتی:(أصاب امرأة وأخطأ عمر).

**لەڕێی خۆشەویستیەوە** دەزگایەکی سەرکەوتوو دروست دەبێت، ئەگەر ویستت کەسێك سەرکەوتوو بێت ئەبێت کارێك بکەیت خۆشەویستی بکەیت لەلای ئەوانەی دەرووبەری.

**لەئەمەریکا کۆمەڵی** (**رجال الاعمال**)**پێیان وتم**:وریای میسالیەت بە،چونکە توشی زیان دەبیت.ڕاستە فەساد هەیە بەڵام ژێر بە ژێر بەرتیلم نەداوە بەکەس و هەرکەس ڕێگر بووبێت و نایاسایی جوڵابێتەوە، ڕاستەوخۆ خۆم گەیاندۆتە وەزیر ئەوەی کاری باشیشی بەرامبەرمان کردبێ سوپاسنامەمان بۆخۆی و بۆ ئەوانەی سەروخۆشی ناردووە.

شەست (رجل اعمال)م داوەت کرد تا هاوپەیمانێتیەك بۆ روبەرووبوونەوەی فەساد، پێش دەساڵ بتوتایە فەساد هەیە هەموو

دەهاتن بە گژت دا، بەڵام ئێستا هەر لە شای سعودیەوە دانئەنێن بەو ڕاستیەدا کە فەساد هەیە و دەبێ چارەسەر بکرێت.

**خەمت چاندن بێت نەك درونەوە**، ئەمەش فەرمانی خۆشەویستە کە دەفەرمووێت (ان قامت ساعة وفي يد احدكم فسيلة فان استطاع الا يقوم حتى يغرسها فليغرسها).

هەموو بڕیارەکانمان بە شورا دەبێت و شیعارمان زیادەڕەوی نەکردنە ئەگەر لەسەر دەریاش بین، یەکەم پڕۆژەین کە ئاوی بەکار هاتوو پاك دەکەینەوە بەمەش ئاوێکی باش دەگێڕینەوە.

دووسەد باخچە هەیە لە جەدەدا، ئێمە دانەیەکی نزیك خۆمان وەرگرت و بوژاندمانەوە و جوانمان کرد و خەڵکیمان ڕاهێنا کە پاکو تەمیزبن و ڕێزی باخچە بگرن.

ئێمە ئومەتێکین ئەرکانەکانی ئیمان یەقین لە ئەقڵدا دروست ئەکەن و ئەرکانەکانی ئیسلامیش لە هەڵسوکەوتنمانا ڕەنگ ئەداتەوە، بەڵام بە داخەوە دەماری ئیحسان لای زۆرمان پچڕاوە، بەبێ ئیحسانیش ئیسلام دەبێتە لاشەیەکی بێ گیان.

گرنگترین کاتژمێری ژیانت دوایەمین کاتژمێرە بۆیە ئەبێ بزانین ئەمانەوێ چۆن بمرین، نازانی لە چ چرکەیەکدا پەردەکە دا ئەدرێتەوە ئەبێ لەوکاتەدا جوانترین دەوربببینین.

هیچ شتێك بۆ خوا بە زایە ناچێت، گرنگ ئەوەیە نیەت بۆ خوا بێت. من و باوکم سەردانی مەلیکمان کرد بۆ خەستەخانەکەمان، کە

خوّی و وەلی عەهد هاتن شیعاری ئێمەی خستە سەر سنگی و هاو سوّزی و هاوکاری خوّی پیّ ڕاگەیاندین.

لە نەتەوە یەگرتوەکانەوە دەزگای تەندروستی جیهانی خەستەخانەکان هەڵدەسەنگێنن ، سوپاس بوّ خوا ئێمە بە پێی هەڵسەنگاندنیان یەکەم بووین لە جیهانداو توانیمان پلەی A تێپەڕێنن.

باشترین خەستەخانەین لە ڕوّژهەلأتی ناوەڕاستدا لە کارداو باشترین خەستەخانەشین لە ڕوّژهەلأتی ناوە ڕاستدا لە تەلارسازیدا.

**ڕوّژی بیّ حیساب**

پێش چەند ساڵێك بێتاقەت بووم لە مامەڵەی پارە وشەوێکیان زوو نوستم و بەیانی زوو لەگەڵ براکانما بەلەمێکم هەبوو بردمانە گوێی دەریای سور و پاش ئەوەی نوێژی بەیانیمان کرد و قولاپمان هەڵدا بوّ راوە ماسی، لەو کاتەدا باسی خوای پەروەردگارمان دەکرد کە چوّن هەموو ڕوّژێك (شأن) ی خوّی هەیە و کەسانێك بەرز دەکاتەوە و کەسانێکیش نزم دەکاتەوە.ئەی باسی رزق و ڕوّزیەکمان دەکرد کە بەتەمای نیت و خوا دەینێرێت (يرزق من يشاء بغير حساب)هەر دەتووت یەکەمجارە ئەیبیستم. لەو کاتەدا قولاپەکەی دەستم قورسبوو، داوام لە براکەم کرد رای بکێشێت لەگەڵما، ماسیەکی (طرباني) کە گرانترین ماسی دەریای سورە و کێشەکەی ٤٥کیلوّ بوو هات بەدەستمانەوە.

بە ڕاستی وانەیەکی کرداری بوو بۆم کە خوا بەبێ هۆکار ئەو ماسیەی بۆ ناردم، ئەو قولاپە توانای گرتن و ڕاکێشانی ماسی ۲۷ کیلۆیی هەبوو چۆن ماسیەکی ٤٥ کیلۆیی گرت، ئەوە ئەو رزقەبوو کە بە (أسباب) ی ئێمە نەهات و لـە حسابی ئێمەدا نەبوو.




**بەخششەکانی خوا**

ئەگەر ئەتەوێ بەخششەکانی خوا هەست پێبکەیت سەیری ئەوانە بکە کە نەدارن و ناساغن، بیست هەزار ماڵی عەشوایی هەیە لـە جەدەدا کە هەژارن وجار و بار خۆم و سێ مناڵەکەم دەچین سەردانیان دەکەین کە لـە حاڵێکی ناخۆشدا دەژین.

سەردانی ئەو شوێنانە وانەیەکی گەورەی تیایە کە مادام لەم دونیایەدایت چاوەڕێی ی هەموو نارەحەتیەك بکە، ئەوەی کە خوا پێی داویت دەتوانێت لە چاو تروکانێکدا لێت وەرگرێتەوە.




ساڵی پار لە لافاوەکەی جەدەدا کە بەربەستەکە ڕوخا لافاو هاتە ناو خەستەخانەکەمانەوە و هەموو نەخۆشەکانمان گواستەوە نەخۆشخانەکانی تر و ئاو و کارەبامان نەبوو، چەند مانگێکی دەویست تا چاکی بکەینەوە، سێ شەو نەنوستم و بە هاوکاری هەموو لایەك سوپاس بۆ خوا بە پێنج ڕۆژ توانیمان خەستەخانەکە پاك بکەینەوە و بیهێنینەوە تایم. مرۆڤ نازانێت خێر لەچیدایە هەروەك ئیبن عطاء

دەڵێت(ربك افادك في ليل القبض ما لم تستفيده في اشراق نهار البسط).
(لا تدرون ايهم اقرب لكم نفعا).

زۆر زەرورە لەوە تێبگەن کە (ربما أعطاك فمنعك، ربما منعك فأعطاك)(ربما فتح لك باب طاعة و ما فتح لك أبواب القبول،ربما قضى عليك بالذنب فكان سببا في الوصول). (إنما يؤلمك المنع لعدم فهمك ما عند الله فيه).

سەرکەوتن: بەلای منەوە ئەوەیەکە لە دوا لە حزەدا سەرکەوتووبیت کە ئەمەش مانای (الفوز)ە.

کاتێك ئیمام ئەحمەد لە سەرە مەرگدابوو ئەوانەی دەوریان پێیان ئەوت: فزت بها يا أحمد، ئەویش ئەیوت: ليس بعد ليس بعد.

**دکتۆر ئوسامە قەندیل** :

ساڵی ١٩٧٤ سەعات یەکی نیوەڕۆ چوومە لای شێخ قەرزاوی (کە چەند ساڵێك مامۆستام بوو) وتم: من سانەویم تەواو کردوە و براکەم سەفیری عومانە لە میسر و دەمەوێت بچم بۆ میسر خوێندن تەواو بکەم و نامەوێت بچم بۆ ئەمریکا، من گەنجم و ئەترسم لە لادان، ئەویش وتی: بچۆ بو ئەمریکا باشترە، بەڵام یەك ئامۆژگاریت دەکەم، ئەگەر دەرزیەك لە بیابانێکا فڕێبدرێت لە شەودا و بڵێن بۆی بگەڕێ، چۆن بۆی دەگەڕێیت ، ئاواش بگەڕێ بە دوای هاوەڵی چاکدا تا دەستت دەکەوێت.

چومە زانكۆی هارفارد و زۆر بێزار بووم لەبەر نەبوونی كەسی باش و پاشان كەش و هەوا ساردەكەی كە بەفری زۆر دەباری و ڕۆژی یەك دووجارلەسەر سەهۆڵ بەندان دەكەوتم.

تا ڕۆژێك كەسێكم بینی لە سوچێكدا نوێژ دەكا لە زانكۆ و كردمە هاوەڵم و پاشان ناوی چل موسوڵمانم برد و ژورێكیان داینێ و كۆمەڵی ئیسلامی بۆستنمان دروست كرد. كاتێك ساڵی ١٩٧٩ ئەو شارەم بەجێهێشت سوپاس بۆ خوا ٢٠٠٠ كەس دەهاتن بۆ نوێژی جەژن.ئەمە هەمووی بەرەكەتی نیەتە.

**ئیعجازێكی تری ئەم دینە!!**

دكتۆر وەلید فتێحی دەڵێت : زانایان بەهۆی مەسحی موگناتیسی مێشكەوە گەیشتونەتە ئەوەی كە درۆكردن زیان بەخانەكانی مێشك دەگەیەنێت ..سبحان الله لەگەورەیی ئەم ئایینە كە درۆ بەسەرچاوەی هەموو خراپیەك دەزانێت وخۆشەویستمان(د.خ) دەفەرموێت : بڕوادار درۆناكات ، لەكاتێكدا ڕەنگە گوناهی گەورەشی لەدەست بقەومێ !!

.

.

.

## ناوەرۆك

| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| ٤ | گەشتی ژیان بەکورتی |
| ٥ | پێشەکی |
| ٨ | پەیامداری راستەقینە |
| ١٢ | موسڵمانی ساویلکە |
| ١٤ | لاپەڕەیەك لە ژیانی عومەر |
| ٢٣ | دکتۆر مونیر غەزبان |
| ٣٩ | قوتابیەکی بەننا |
| ٤٢ | بەننا چ بەنایەك بوو |
| ٤٩ | بۆکێی بەجێدەهێڵن |
| ٥٠ | یوسف ئەستێس |
| ٥٥ | دکتۆر عومەر ئەشقەر |
| ٥٩ | گرنگی ئیلتیزام |
| ٦٠ | یوسف نەدا |
| ٦٦ | پەیمانگای واشنتۆن |
| ٦٧ | جەنگی ئیستراتیجی بەرامبەر ئیخوان |
| ٧٠ | شێخ ئەسعەد فەندی |
| ٧٢ | ئەندازیاری پزیشك وەلید فتێحی |

# گەشتی ژیان

پەڕاوەکانی نووسەر:

| | |
|---|---|
| ١–بەرەو پەروەردەی ئیسلامی | ٨–بەرەو ئیسلام |
| ٢–بەرچاوڕوونی | ٩–رازی قورئانی |
| ٣–فەرهەنگی بانگخوازان | ١٠– رامان لە قورئان |
| ٤–لەخزمەت قورئاندا | ١١ –هەزارویەك |
| ٥–بەهاری دڵان | ١٢–هەزارو دوو |
| ٦–ژیانەوە | ١٣– سەلیقەی بروادار |
| ٧–نەسرەوتن ٢،١ | |

چاوەڕێی بەرگی دووەمی گەشتی ژیان وهەمەرەنگ و کتێبی نەسرەوتن بەشی یەکەم و دووەم بن .

# گەشتی ژیان

**گەشتی ژیان:**

خوێندنەوە و وردبوونەوە لە ژیاننامەی کەسایەتیەکانی دونیا لە کۆن و نوێدا سوودی زۆری هەیەو ، بەهۆیەوە زۆر لە ڕاستیەکانی ژیانت بۆ دەردەکەوێت.

ئێمە هەموو دەزانین ئەجەل لەلای خوایە،بەڵام کاتێك کەسێك چەند جار ڕووبەڕوی مەرگ دەبێتەوە و نامرێت ئەو کاتە زیاتر لە دڵدا ئەچەسپێت.

ئێمە دەزانین ڕزق لەلای خوایە بەڵام کاتێك دەبینین لە ژیاننامەی کەسێکدا کە چۆن خوا ڕزقی داوە زیاتر بەرچاو ڕۆشن و دڵنیا دەبین .

ئێمە دەزانین کە ماڵی حەرام بێ بەرەکەتە وسەرەنجام بۆ چاکەکارانە ، بەڵام کاتێك ئەوە لە ژیانی کەسێکدا دەیبینین زیاتر دڵدامەزراو دەبین.

لەم زنجیرەیەدا هەوڵ ئەدەم چەند هەڵوێستێك وپوختەیەك لە ژیانی چەند کەسایەتییەك بخەمە بەردەستی خوێنەران تا ئەو سوودەی من بینیومە پشت بەخوا ئەوانیش بیبینن.